ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

ژمارە ٦٢٦

چوارشەممە

٣٠ی ڕێبەندانی١٣٩٢

١٩ی فێوریەی ٢٠١٤

نرخ: ١٥٠ تمەن

kurdistanukurd.com

kurdistanukurd.com

■دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵ دا ■


## عەلی خامنەیی: دانوستانە ئەتومییەکان ئاکامیان نابێ!



عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بەر لە دەسپێکی خولی نوێی دانوستانەکانی نێوان ئێران‌و زلهێزە جیهانییەکان لەسەر قەیرانی ئەتومیی ئەو وڵاتە ڕایگەیاندوە هەر وەک پێشتریش گوتویەتی بە وتووێژەکان دڵخۆش نیەو دەزانێ ئەو دانوستان‌و وتووێژانە ناگەنە ئەنجام، بەڵام دژایەتیشیان ناکا.

خامنەیی ڕۆژی دووشەممە، ٢٨ ی ڕێبەندان بێ ئەوەی ناوی کەس بێنێ ڕایگەیاند کە هەندێ لە کاربەدەستانی ئەم دەوڵەت‌و ئەو دەوڵەت پێیان وایە بە دانوستان کێشەی ئەتومیی وڵات چارەسەر دەبێ، بەڵام وەک چۆن لە قسەکانی سەرەتای ساڵدا گوتومە، هیچ بەو وتووێژانە گەشبین نیم، دژایەتیشی ناکەم.

# خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی بەربڵاوی زاگرۆس‌نشینانی ئێران، پاشەکشەی بە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کرد



دیسانیش سووکایەتی‌و بێڕێزیی پێکردن! ئەم جارەیان دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە ڕێی زمانی هونەرەوە بە بڵاوکردنەوەی زنجیرەی «سرزمین کهن»، بێڕێزی بە زاگرۆسنشینان کرد. ئەو زاگرۆس‌نشینانەی بە کورد و لوڕ دەناسرێن و ناو دەبرێن، ئەو دووە لە باری فەرهەنگی و دابونەریت و شوناسەوە هێندە لێکدەچن کە جیا ناکرێنەوە، یان ئەگەریش بکرێنەوە؛ زۆر دژوارە. ئەو زاگرۆس‌نشینانە کە بە شایەدی مێژووە باوەڕپێکراوە نێونەتەوەییەکان وەک مێژووی مەزن، مێژووی شارستانییەت، مێژووی کەونار و ..... بەدی‌هێنەرو ئافرێنەری ژیاری مرۆیین، خاوەن ئوستوورەگەلێکی مەزنی وەک عەلی‌قولی‌خانی سەردار و ئەسعەدی بەختیارین. لورەکان کە هەستیان کرد لە زنجیرەی «سرزمین کهن»دا سووکایەتی بە مێژوو و شووناسیان کراوە، لە زۆربەی شارە لوڕنشینەکان بە جۆرێک ناڕەزایەتی‌یان دەربڕی کە خۆپێشاندانە بەربڵاوەکانیان لە دەرەوەو نێوخۆی ئێران دەنگی دایەوە و بووە هۆی ئەوەی کە زۆربەی بەرپرسانی ڕێژیم داوای لێبووردنیان لێ بکەن.


٥

فەرهەنگستانی زمانی فارسی مافی بڕیاردان لەسەر زمانی کوردیی نیە

٦

کۆیلە هێشتنەوەی خەڵکی ئێران، سیاسەتی ٣٥ ساڵەی کۆماری ئیسلامی بووە!

٦

پێوەندیی ئێران‌و تورکیە، لە سایەی قەیرانی سووریەدا

٧

ئەرکی نوێنەرە کوردەکان لە مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێران

٩

ئاوڕێکی کورت لە قۆناخەکانی ژیانی کۆماری ئیسلامی


### بەیاننامە

## لە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا

داواکاران و هۆگرانی مافە نەتەوەیی و زمانییەکان لە کوردستان و سەرانسەری ئێران!

حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا، بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی و خوێندن بەو زمانەی ، وەک یەکێک لە گرنگترین داخوازە کانی خەڵکی کوردستان، سەیر کردوە. هەر لە دەرچوونی بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هەتا ئەمڕۆ، داخوازی بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی، بەشێکی جیانەکراو لە بەرنامەی ئەم حیزبە بووە. لە هەموو ئەو گەڵاڵانەش دا کە حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک داخوازەکانی خەڵکی کوردستان لە قۆناغی جۆراوجۆر دا، بەرەوڕووی دەسەڵاتدارانی ئێرانی کردوونەوە، بەڕەسمیناسینی زمانی کوردی و خوێندن لە قوتابخانە بەو زمانە و بەڕێوەچوونی کاروباری ئیداری لە کوردستان بە زمانی کوردی، یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکان بووە.

پرس و داخوازی خوێندن بە زمانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، هەتا هاتوە پتر لە نێو نەتەوە نافارسەکانی ئێران دا، جێگای خۆی کردوەتەوە و ئێستا بە خۆشییەوە نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە نێو ئازەرییەکان، بەلووچەکان، عەرەبەکان و تورکمەنەکانیش دا،چالاکانی سیاسی، مەدەنی و کولتووری و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، داوای خوێندن بە زمانی نەتەوەکەیان دەکەن. هێنانە گۆڕی ئەو داخوازە لە هەلومەرجێک دایە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان، لە مێژ ساڵە مافە نەتەوەیی و مافە زمانییەکانیان بە ڕەسمی ناسیوە. جگە لەمەش هەر لە ئاستی ئێران و لە بەهاری ڕابردوودا، حەسەن ڕۆحانی،بەربژێری پۆستی سەرۆک کۆماریی ئێران،لە بەیاننامەکانی سەردەمی هەڵبژاردن دا بەرعۆدە بوو کە ئەگەر دەسەڵات بگرێتە دەست، ئاوڕ لە مافە نەتەوەیی و زمانییەکان دەداتەوە و بەندە پشتگوێخراوەکانی یاسای بنەڕەتیی وڵات لە بارەی ئەو جۆرە مافانە جێبەجێ دەکا. هەر بە هۆی ئەم وادە و بەڵێنانەش بوو کە ناوبراو زۆرترین دەنگی لە نێو نەتەوە بندەستەکانی ئێران دا بۆ خۆی کۆ کردەوە.

ئێستا لە کاتێک دا بەرەو ٢١ی فێوریە، «ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک» دەچین کە نەک هەر نیشانەیەک لە جێبەجێبوونی وادە و بەڵێنەکانی سەرکۆمار لە پێوەندی لە گەڵ خوێندن لە قوتابخانەکان بە زمانی نەتەوە نافارسەکانی ئێران دیار نییە، بەڵکوو داواکان و هەوڵەکان لەم پێوەندییە دا،

ل ٣



٢١ی فێوریە، ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی

## محەممەد جەعفەری: ئەگەر دوژمن هێرشی نیزامی بکا، وازی لێناهێنین و تۆڵەیان لێدەکەینەوە!

فەرماندەی سپای پاسداران گوتی: گوزینەی نیزامیی دوژمن هێرشی مووشەکی و هەواییە بۆ ناوچە ناوکی و حەساسەکانی ئێران، بەڵام ئەوان خۆشیان دەزانن بەمکارەیان وازیان لێناهێنین لە ناو وڵاتەکەی خۆیان‌دا تۆڵەیان لێدەکەینەوە.

به پێی سەرچاوەی ڕاپۆرتی دەستەی ئەمنییەتیی بەرگری هەواڵنێریی فارس، محەممەد جەعفەری فەرماندەی گشتیی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی ٢٩ی ڕێبەندان قسەی بۆ کۆمەڵێک لە خوێندکارانی دانشگای ئەفسەری و پەروەردی پاسداری دەکرد، لەبەشێک لە قسەکانی‌دا هەڕەشەی لە ئەمریکا کرد و گوتی: «دوژمن لەوەی کە هێرشی زەمینی



بکاتەسەر ئێران ترسی هەیە. بۆیە گوزینەی نیزامیی ئەوان هێرشی مووشەکییە بۆسەر ناوچە هەستیارەکانی ئێمە، بەڵام ئەوان زۆر باش دەزانن بەوکارەیان وازیان لێناهێنین‌و لەناووڵاتەکەی خۆیان‌دا تۆڵەیان لێدەکەینەوە».

## سەردانی شاندێکی حدک لە مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی

ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٧ی ڕێبەندانی ٩٢ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب، بە مەبەستی پیرۆزبایی بیستەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی لە هەولێریان کرد و لە لایەن مامۆستا محمد فرج ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو، پێشوازییان لێکرا. لەو دیدارە دا، کاک خالید عەزیزی پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزرانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی لە مامۆستا محمد فرج کرد و هیوای خواست کە لە خزمەت بە گەل و نیشتمان دا، سەرکەوتوو بن. .

لەو دیدارە دا، دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر ، ئیبراهیم زێوەیی و حسن کاکیلی بەشداری شاندەکە، بوون.

# راگەیاندراو سەبارەت بە پێکهاتنی نۆهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کورستان

کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی پازدەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕۆژەکانی ١٩ و ٢٠ ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ ی هەتاوی (بەرامبەر بە ٨ و ٩ ی فێوریەی ٢٠١٤ ی زایینی) نۆهەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و موشاویران و بەرپرسانی بەشێک لە ئۆرگانەکانی حیزب بەڕێوە برد.

لە سەرەتای پلینۆمدا پاش ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، ڕاپۆرتێکی سیاسی بە مەبەستی لێکدانەوەی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی هەلومەرجی نێونەتەوەیی و ناوچەیی و نێوخۆیی لەنێوان دوو پلینۆمدا لەلایەن بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە پێشکەش کرا کە دواتر لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە تاوتوێ و پەسند کرا.

ڕاپۆرتی سیاسی وێڕای خستنەڕووی دوایین گەشەسەندنەکانی سەر ئاستی نێودەوڵەتی بەتایبەتی تەرجیح دانی چارەسەری کێشە و ململانێ ناوچەییەکان بە دیالۆگ و بژاری سیاسی لەلایەن هێزە گەورەکانەوە، کاریگەریی ئەم فاکتەی لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئایندەی حاکمییەتی ئەو ڕێژیمە خستبووە بەر باس. بە باوەڕی کۆمیتەی ناوەندی کاڵبوونەوەی هەڕەشەی ئەمنیەتیی دەرەکی بۆ سەر ئەو ڕێژیمە لە کورتخایەندا بە مانای چارەسەرکرانی کێشەکانی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی نیە و هەوراز و نشێوەکانی پێشوەچوونی ڕێککەوتننامەی ژنێڤ سەبارەت بە پرۆگرامی ناوکیی ئێران نموونەیەکی باشی ئەم ڕاستییەیە. لەلایەک سەرەڕای هێندێک ڕێککەوتنی کورت و سنووورداری نێوان ڕێژیم و گرووپی ١+٥ جیاوازیی خوێندنەوە و لێکدانەوەی لایەنەکان بۆ نێوەرۆکی ڕێککەوتنەکە نیشانەی درێژەکێشانی مەودای گەورە لە هەڵوێست و مەرامە جەوهەرییەکانی ئێران و دنیای دەرەوە دایە، و لەلایەکی دیکەشەوە مامەڵەی نێوان کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەبارەت بە پەروەندە ئەمنییەتی و سیاسییەکان (بەتایبەتی دۆسیەی ناوکی و قەیرانی سووریە و هەوڵەکانی وەگەڕ خستنەوەی پرۆسەی ئاشتیی ئیسرائیل و فەلەستینییەکان) بۆتە بوارێک بۆ شکڵ گرتنەوە و دەسپێکردنەوەی کێشە و ململانێی نێوان باڵەکانی ڕێژیم.

سەبارەت بە کارکردی دەوڵەتی رووحانی لە چەند مانگی رابردوودا، ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی لەو باوەڕەدا بوو کە لە ئاستی نێوخۆیی‌دا ئەولەوییەتدانی ئەو دەوڵەتە تەنیا بە بواری ئابووری بۆتە هۆی ئەوە کە لەبواری سیاسی و لەپێوەندی لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی خەڵکدا ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو و هەستپێکراو ڕوو نەدا و لە کوردستانیش ڕوانینی ئەمنیەتی بە قووەتی جارانی بەردەوام بێ. لەو بارەوە کۆمیتەی ناوەندی لەو باوەڕەدا بوو کە مەودای نێوان کارکردی دەوڵەتی ڕووحانی لەگەڵ بەڵێنەکانی سەروبەندی هەڵبژاردن هەرچەندێک زۆر بێ و بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە حاکمییەت و دەوڵەت چەندە ئامادەی پاشەکشە لە بەرامبەر خواستەکانی خەڵکدان، پێویستە کۆمەڵانی خەڵک و بژاردەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر هێنانە مەیدانی خواست و داواکارییە رەواکانی خۆیان بەشێوەی جۆراوجۆر بەردەوام و شێلگیر بن. سەرنجدانیش بە کێشەی نێوان لاباڵەکانی ڕێژیم نەک بە مانای لایەنگری لەم باڵ یا لەو باڵ بەڵکوو تەنیا لەبەر ئەوەیە کە کێشە و دمەتەقێ نێوخۆییەکانی ئەو ڕێژیمە بوار و دەرفەتێکی گونجاوتر بۆ هێنانە گۆڕی ماف و ئازادییەکانی خەڵک دەڕەخسێنێ.

هەر لەو پێناوەدا کۆمیتەی ناوەندی وێڕای بەرزنرخاندن و پشتیوانی لە هەوڵەکانی نیشتمانپەروەرانی مەدەنیی کورد لە نێوخۆی وڵات، لەو باوەڕەدا بوو کە پێویستە ئەوان بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ڕەنگاوڕەنگییەکانیانەوە بەشێوەی یەکگرتوو و هەمەلاگیر پێکەوە کار بکەن؛ خوێندنەوەیەکی گونجاو و بنیاتنەریان لە جێگە و پێگەی خۆیان لەسەر نەخشەی بزوتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێراندا هەبێ؛ هەوڵ بدەن کار و بەرنامەکانیان زۆرتر لە خانەی نەتەوەییدا بێ و نەک هەر ڕێگە نەدەن پرسی کورد لە ئێران تێکەڵی کێشەگەلی وەک کێشەی شیعە و سوننی بکرێ، بەڵکوو هاندەری یەکگرتوویی و یەکڕیزیی کورد بە هەموو جیاوازییە ناوچەیی، ئایینی ودیالێکتەکانەوە بن.

سەبارەت بەو بوار و بابەتانەش کە پێویستە کاریان لەسەر بکرێ، کۆمیتەی ناوەندی لەو باوەڕەدا بوو کە هەروەک نموونەی هاتنە بەر باسی خوێندن بە زمانی دایک لە مانگ و حەوتووەکانی رابردوودا نیشانی دەدا، ئەمە و زۆر بواری دیکەی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی مرۆڤ و کێشە و گیروگرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و بەگشتی هەموو ئەو سیاسەتی سەرکوت و هەڵاواردنەی دەرهەق بە کورد ڕەچاو دەکرێ دەتوانن بوار و بابەتی گونجاو بۆ وروژاندن و بەدواداچوون بن بۆ ئەوەی بەمجۆرە مەسەلەی کورد زیاتر ببێتە دەغدەغەی حاکمییەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران و سەرنجی بیروڕای گشتیی دەرەوەش باشتر بۆ لای ئەو مەسەلەیە رابکێشرێ. هێنانە گۆڕی هەرکام لەم بابەتانەش بە هیچ جۆر بەو مانایە نیە کە ئەو پرسانە سەقفی داواکانی کورد لە ئێراندان بەڵکوو دەبێ لە خانەی بەستەرسازیی درێژخایەن و کار و تێکۆشانی ورد و بە هەنگاو بە هەنگاودا چاو لێ بکرێ.

سەبارەت بە ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری لە ئێران‌دا، کۆمیتەی ناوەندی لەو باوەڕەدا بوو کە سەرباری بەردەوامیی پەرش و بڵاوی و شکڵ نەگرتنی ئەڵترناتیڤێکی هەمەلاگیر و تۆکمەی گونجاو لەگەڵ ویست و چاوەڕوانییەکانی خەڵک بەتایبەتی گەلی کورد، پێویستە پێوەندی و دیالۆگ لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم بەمەبەستی دروستکردنی تێگەیشتنێکی هاوبەش لەسەر ئایندەی سیاسیی ئێران کە مافی نەتەوەکانی ئەو وڵاتە یەکێک لە بنەماکانی بێ درێژە بدرێ.

لەپێوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان‌دا، کۆمیتەی ناوەندی وێڕای ئاماژە بە درێژەی پرۆسەی سیاسیی نێوان کوردەکانی باکووری کوردستان و دەوڵەتی تورکیە، درێژەکێشان و سەرکەوتنی وەها پرۆسەیەکی (بەدەر لە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی) بۆ جێکەوتنی ئەقڵییەتی چارەسەری سیاسییانەی کێشەی کورد لە هەموو ناوچەدا بە گرینگ زانی. لە بارەی باشووری کوردستانەوە، کۆمیتەی ناوەندی دۆخێکی نوێ لە یەکڕیزی و ئارامی کە لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی ئەو بەشە لە کوردستاندا هاتۆتە ئاراوە بۆ ئەم قۆناغە بە شتێکی پۆزەتیڤ لە قەڵەم دا و سەرەڕای وەدرەنگ کەوتنی پێکهاتنی کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی کە هەموو لایەنەکان پێکەوە سەبارەت حکوومەتێکی بنکە فراوان لە دیالۆگ و راوێژدان، بە مایەی هیواداری نرخاند. لەبارە ڕۆژئاوای کوردستانیشەوە کۆمیتەی ناوەندی وێڕای بە دروست دانانی هەوڵی کوردەکانی ئەو بەشە لە کوردستان بۆ جێ خستنی بنەماکانی خۆبەڕێوەبەری لە ناوچە کوردییەکاندا، لەو باوەڕەدا بوو کە سەرکەوتن و هەرمانی ئەو ئەزموونە نوێیە بە بەرجەستەکردنەوەی پێناسەیەکی ڕوونی نەتەوەیی و هەڵسوکەوتی ژیرانە لەگەڵ هاوکێشە دژبەیەکەکانی ئەو وڵاتە و لە هەمووشی گرینگتر بەهێزکردنی ئەزموونەکە لە ڕێگای وەخۆگرتن و بەشدارکردنی هەموو لایەنە سیاسیەکانی کورد لە ڕۆژئاوا بەستراوەتەوە. سەبارەت بە هەمووی ئەم بابەتانەی پێوەندیدار بە هەر سێ بەشی کوردستانیش کۆمیتەی ناوەندی نیگەرانیی خۆی لەمەڕ نەخشێکی تێکدەرانە و بەدخوازانە کە کۆماری ئیسلامی دەتوانێ بیگێڕێ، دەربڕی.

لە بڕگەیەکی دیکەی کارەکانی پلینۆمدا، کۆمیتەی ناوەندیی حیزب پڕژایە سەر زەرووڕەتی بەعەمەلی کردنی زیاتری تێگەیشتن و هاوکاریی نێوان لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لێرەدا پاش هەڵسەنگاندنێکی گشتی لەسەر ئاستی هەموو هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمیتەی ناوەندی دوایین گەشەسەندنەکانی پرسی نێوان دێموکراتەکانی بەتایبەتی لەبەر ڕووناکایی ڕاگەیەندراوی دوایین پلینۆمی هاوڕێیانی پێشوومان خستە بەر باس و لەو پێوەندییەدا سەبارەت بە بنەماکانی درێژەی وتووێژی نێوان دوو لایەن بە پێویستی زانی هەڵوێستی خۆی بە شێوەی خوارەوە رابگەیەنێ :

– ئەوە کە ئەو هاوڕێیانە بڕیاریان داوە بە دیدێکی ئەمڕۆییتر‌ەوە چاو لە پرسەکە بکەن و بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو گرفتە لە سەردەمی ئێستادا چیدیکە پەنا بۆ ڕێگاچارە تاقیکراوەکانی رابردوو نەبەن و بۆ ئەو مەبەستەش باس لە «تەوافوق» و «کۆنگرەی هاوبەش» دەکەن بە ئاڵوگۆڕێکی بەجێ دەزانێ و پێشوازیی لێ دەکا.

– تەوافوق و هاوبەشی کاتێک جێبەجێ دەبێ کە هەردوو لایەن (سەرفەنەزەر لەوە کە خوێندنەوەیان بۆ لێکدابڕان چیە و بە چ شێوەیەک یەکتر ناو دەبەن) بوونی یەکتر وەک واقیعێک قبووڵ بکەن و وەک دوو لایەن بەمەبەستی گەیشتن بە تەوافوق و هاوبەشی بەرەو لای یەکتر هەنگاو بنێن.

– گەڵاڵەیەک کە دەفتەری ساسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان داویەتی بەو هاوڕێیانە، ڕێک بە دیدی گەیشتنی دوو لایەن بە تەوافوق و هاوبەشی نووسراوە. هەربۆیە هیواداریین کە ئەو هاوڕێیانەش سەرەنجام گەڵاڵەیەک ئامادە بکەن کە ئامانج و بنەما و قۆناغبەندیی پرۆسەی گەیشتن بە تەوافوق و هاوبەشی لە دیدی وانەوە لە خۆ بگرێ بۆ ئەوەی بتوانین لە ئەنجامی تاوتوێی پێکەوەی هەردوو گەڵاڵەدا بە ئاکامی دڵخوازی هەردوو لا کە یەکگرتنەوەیەکی پایەدار و واقیعی جێبەجێ بکا، بگەین.



**کۆمیتەی ناوەندی وێڕای بەرزنرخاندن و پشتیوانی لە هەوڵەکانی نیشتمانپەروەرانی مەدەنیی کورد لە نێوخۆی وڵات، لەو باوەڕەدا بوو کە پێویستە ئەوان بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ڕەنگاوڕەنگییەکانیانەوە بەشێوەی یەکگرتوو و هەمەلاگیر پێکەوە کار بکەن؛ خوێندنەوەیەکی گونجاو و بنیاتنەریان لە جێگە و پێگەی خۆیان لەسەر نەخشەی بزوتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێراندا هەبێ؛ هەوڵ بدەن کار و بەرنامەکانیان زۆرتر لە خانەی نەتەوەییدا بێ و نەک هەر ڕێگە نەدەن پرسی کورد لە ئێران تێکەڵی کێشەگەلی وەک کێشەی شیعە و سوننی بکرێ، بەڵکوو هاندەری یەکگرتوویی و یەکڕیزیی کورد بە هەموو جیاوازییە ناوچەیی، ئایینی ودیالێکتەکانەوە بن.**

**لەپێوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستاندا، کۆمیتەی ناوەندی وێڕای ئاماژە بە درێژەی پرۆسەی سیاسیی نێوان کوردەکانی باکووری کوردستان و دەوڵەتی تورکیە، درێژەکێشان و سەرکەوتنی وەها پرۆسەیەکی (بەدەر لە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی) بۆ جێکەوتنی ئەقڵییەتی چارەسەری سیاسییانەی کێشەی کورد لە هەموو ناوچەدا بە گرینگ زانی**

بەشێکی دیکەی کارەکانی پلینۆمی نۆهەمی کۆمیتەی ناوەندی بۆ باس لە کار و چالاکیی چەند مانگی رابردووی بەشێک لە ئۆرگانەکانی حیزب لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات و هەروەها تێبینی و ڕاسپاردەکانی دەفتەری ساسیی حیزب لەو پێوەندییەدا تەرخان کرابوو کە لەو بەشەشدا ڕاسپاردە و ڕێنوێنیی پێویست،خرایە ڕوو و کۆمەڵێک ڕێکار و بڕیار سەبارەت بە چالاکتر کردنی بەستێنە جۆربەجۆرەکانی کار و تێکۆشانی ئۆرگانەکان و بردنە سەری ئاستی هەماهەنگی و کارایی‌یان پەسند کران.

شیاوی ئاماژە پێکردنە کە لەم پلینۆمەدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەسڵێک کە لە ئەساسنامەی حیزبدا هاتوە، سێ کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی وەک موشاویری دەفتەری سیاسی دیاری کران.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی**
**دێموکڕاتی کوردستان**
**٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٢**
**(١٠ ی فێوریەی ٢٠١٤)**

## شاندێکی پەیەدە سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد

شاندێکی پەیەدە سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە شاری هەولێر کرد

ڕۆژی پێنج شەممە، ١٧ی ڕێبەندان شاندێکی پارتی یەکیەتیی دێمۆکراتی سووریە پەیەدە بە سەرپەرستیی جەعفەر عەکاش، بەرپرسی پێوەندییەکانی پەیەدە لە هەرێمی کوردستان سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە شاری هەولێریان کرد.

# خالید عەزیزی: ئەوەی میللەتێک دەکا بە میللەتو شوناسی نەتەوەییان دەداتێ لە پلەی یەکەمدا زمانە



کۆمیسیۆنی فێرکردنو پەروەردەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی کۆتایی هاتنی پلینۆمی نۆیەمی حیزبی دێموکڕاتو شیکردنەوەی باسو بڕیارو پەسندکراوەکانی پلینۆم کۆبوونەوەیەکی بۆ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب پێک هێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب بەڕێوە چوو، سکرتێری گشتیی حیزب لە سەر گرینگترین باسەکانی پلینۆمو بڕیارو ڕاسپاردەکانی دوایین کۆبوونەوەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ بەشداران دوا.

کاک خالید عەزیزی قسەکانی بە ئاماژە بە ساڵوەگەڕێ سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ٥٧ و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی دەست پێکردو بە تیشک خستنەسەر چۆنیەتیی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی گوتی: ئەزموونی تێکەوەپێچرانی ڕێژیمی پەهلەوی‌و جەوهەری ئەو شۆڕشە ئەوەمان پێ دەڵێ کە لە سەردەمی ئێستاشدا کە سەردەمی بڵاوبوونەوەی خێرای زانیارییەکانو گەشەی شعوورو تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵکە، هەموو دەسەڵاتە سەرەڕۆو دیکتاتۆرییەکان یان بەرەورووی شۆڕشو ئینقلاب دەبنەوە، یان بە شێوەیەکی دیکە تێدا دەچن، هەر بۆیەش کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ٣٥ ساڵە ویستو داوای کۆمەڵانی خەڵک پشتگوێ دەخاو وەڵامدەری ویستو ئیرادەی خەڵک نیە، هەر ئەو خەڵکە بە ئیرادەی خۆیانو بە شێوەیەکی گونجاوی خۆیان خەباتو تێکۆشانی خۆیان بە دژی ئەو ڕێژیمە درێژە پێدەدەن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات هەر لەو بەشەی باسەکەی‌دا بە ئاماژە بە دوایین گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێرانو تەمەنی ٦ مانگەی دەوڵەتی ڕووحانی تیشکی خستە سەر ئەوەی کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەر لە هاتنە سەرکاری دەوڵەتی نوێش هەمیشە سیاسەتەکەی ئەوە بووە کە سەرەڕای خەباتی بێوچانی لە دژی کۆماری ئیسلامی لە سەر بنەمای خەباتی بۆ جێگیرکردنی ستراتیژیی حیزبو مافی نەتەوایەتی، لە تەنیشت ئەوەش‌دا هەوڵی داوە لە هەر دەرفەتێکی ڕەخساو لە پێناو وەدیهاتنی ویستو داخوازی خەڵک کەلک وەربگرێ. ئێمە لەو هەڵبژاردنانەش‌دا کە هاتنەسەرکاری حەسەن ڕووحانی لێ کەوتەوە، ئێمە پێمان وانەبووە کە کێبڕکێی کاندیداکان لە سەر ویستو داوای مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران بووە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەسڵەی کە یەکێک لە هونەرەکانی حیزبێکی سیاسی‌و نەتەوەیەکی خەباتکار ئەوەیە کە بتوانێ پرسەکانی خۆی بکاتە باسو بابەتو هەر لەو پێوەندییەش‌دا هەوڵی ئێمە هەر ئەوە بووەو دوای هەڵبژاردنیش هەوڵەکان ئەوەن کە حەسەن ڕووحانی دەبێ وەڵامی وادەو بەڵێنەکانی‌و یەک لەوان جێبەجێکردنی خوێندن بە زمانی دایک بداتەوە.

لەو بەشەش‌دا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات تیشکی خستە سەر ئەوەی کە لەگەڵ ئەوەی داواکردنی خوێندن بە زمانی دایک سەقفی داخوازیی کورد نیەو بەمانای دابەزاندنی ویستو داوای حیزبی دێموکراتیش نیە، بەڵام جەختی کردەوە کە ئەو باسە زۆر گرینگەو ئەوەی میللەتێک دەکا بە میللەت لە دەرەجەی یەکەم دا زمانەو، ئەوەی نەتەوەیەک کە بە هەموو جۆراوجۆرییە کلتووری‌و شێوەزارەکانی ئاخاوتنی لە دەوری یەک کۆ دەکاتەوەو یەکگرتوویان دەکاو، شوناسی نەتەوەیان دەداتێ هەر زمانەو، زمان پایەو بنەمای پێناسە میللەتیکە.



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لەو پێوەندییەدا ئەو ئەرکەی خستە سەر شانی هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا، بە تایبەت چالاکانی سیاسی‌و مەدەنیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆوەی تواناکانیان بخەنە سەر یەکو فشار بۆ دەوڵەتی ڕووحانی بێنن‌و ئەو، کە بەڵێنێ ئەوەی بە کورد داوە، ناچار بە بردنەسەرێی بەڵێنەکەی بکەن.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا باسی لە گرینگیی ڕێکخستنی تواناو وزەکانی کۆمەڵگا بۆ بەدواداچوونی مافو داخوازیی خەڵکی کوردستان کردو لەو بارە گوتی مێژووی حیزبی دێموکڕات نیشانی داوە کە بۆ ئەو مەبەستە لایەنگری پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵەو، یەکیەتی‌و هاوپێوەندیی هەموو لایەنەکانی بە مەرجو بنەمای سەرکەوتن لەو بوارەدا ناوبرد.

لێکدانەوەی پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانو ڕاسپاردەی پلینۆم لەو پێوەندییەدا تەوەرێکی دیکەی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات بوو کە بەڕێزیان پەڕژایە سەری‌و باسی لە خوێندنەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ دوایین ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی لە خۆراوا، باشوورو باکووری کوردستان کرد.

پرسی لێکنیزیکی حیزبە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت پرسی دوولایەنی دێموکڕاتەکان‌و زەرەرووتی یەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات دوای ٧ ساڵ دابڕان تەوەرێکی دیکەی قسەکانی کاک خالید عەزیزی بوو. بەڕێزیان لەو بەشەدا ئاوڕێکی لە هەوڵەکانی دوو لایەن بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە دایەوە تیشکی خستە سەر بەرنامەو میکانیزمەکانی حیزبی دێموکڕات بۆ تێپەڕین لەو قۆناغە بە مەبەستی یەکخستنەوەی دوو لایەنی حیزبی دێموکراتو لەسەر پێویستیی تەوافوق بۆ چارەسەری ئەو کێشانە پێی داگرت.

کاک خالید لەو بەشەی قسەکانی‌دا جەختی کردەوە کە ئێمە لە کۆبوونەوەکانمان لە هەموو ئاستەکان‌دا لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان بەردەوام دەبین‌و لە سەر پرسی یەکگرتنەوەی حیزب ئامادەین لە ئاستی کۆبوونەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی دوولایەن درێژە بە دانیشتنەکانمان بدەین.

شایانی باسە دوایین بەشی قسەکانی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات بۆ باس لە سەر کۆمەڵێک پرسی نێوخۆیی‌و تەشکیلاتیی حیزبو ڕاسپاردەکانی پلینۆمی نۆیەمی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرسانە تەرخان کرابوو.

دریژەی:

## بەیاننامە: لە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا

لە گەڵ دژایەتیی هێندێک ناوەندو دامەزراوەی نێو دەسەڵات بەرەوڕوو بوونەتەوە.ئەم دژایەتییانە لە ژێر ناوی دڵسۆزی بۆ زمانی فارسی و یەکپارچەیی خاکی ئێران و ئاسایشی وڵات دا، ئەنجام دەدرێن. نموونەی هەرە دیاری نوێترین دژایەتییەکان، هێرشی ژمارەیەک لە دەمڕاستەکانی بە ناو فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی بۆ سەر داوای ڕەوای خوێندن بە زمانە نافارسییەکانی ئێران بوو.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێشوازی ٢١ی فێوریە دا، پیرۆزبایی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک لە هەموو دڵسۆزان، داواکاران و هۆگرانی مافە نەتەوەیی و زمانییەکان لە نێو نەتەوەی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران دەکا. هەر بەم بۆنەیەشەوە دەستخۆش و سوپاس و پێزانینمان بۆ ئەو بەڕێزانە دەنێرین کە ساڵانێکی زۆرە سەرەڕای هەڕەشە و گوشاری جۆراوجۆر، لە پاراستن وخزمەتی زمانی نەتەوەکەیان و هێنانە گۆڕی داخوازە نەتەوەیی و زمانییەکان، غافڵ نەبوون.سوپاسێکی تایبەتیشمان بۆ ئەو مامۆستا و فێرکارانەی بە کەمترین ئیمکان و سەرەڕای گرفت وکەند و کۆسپی جۆراوجۆر، شانیان داوەتە بەر ئەرکی پیرۆزی فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی کوردی لە نیو منداڵان و لاوانی کوردستان دا. بە پێویستیشی دەزانین وەبیر بێنینەوە کە خوێندن بە زمانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، سەرەتاییترین و ڕەواترین مافی ئینسانی و نەتەوەیی ئەوانە نەک داوایەکی زێدەخوازانە. هەربۆیە، لە بەرامبەرهێرش و هەڕەشەی دەسەڵاتدارانی شۆڤێنیست و ناوەند و دامودەزگاکانی سەر بەوان دا، نابێ بکەونە پاشەکشێ وخاوبوونەوە، نەک هەر ئەمە بەڵکوو پێویستە ڕاشکاوتر، شێلگیرتر و یەکگرتووانەتر لە هەموو کات، داوای مافە نەتەوەیی و زمانییەکان بکەن.

چاوەڕوانیی ئێمە ئەوەیە، نەک هەرتێکۆشەرانی هەر کام لە نەتەوە بندەستەکان لە نێو خۆیان دا، بەڵکوو سەرجەم داواکارانی مافە نەتەوەیی و زمانییەکان- لە هەر نەتەوە و زمانێکن- لە ئاستی ئێران دا، لە سەر بناغەی ئەم داوا ڕەوایانە یەک بگرن.نابێ چی دیکە ڕێگە بە نەیارانی سەرەتاییترین مافە نەتەوەیی و زمانییەکان بدرێ بە ناوی نیگەرانی لە داهاتووی زمانی فارسی و یەکپارچەیی وڵاتی ئێران، ئەو مافانە لە نەتەوە بندەستەکانی ئێران زەوت و سەرکوت بکەن. با بە ڕاشکاوی و بە دەنگی بەرز ئەم پەیامەیان بە گوێ بگا کە بەردەوامیی یەکپارچەیی ئیران و پێکەوەمانەوەی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئەو وڵاتە، لە گرەوی ڕێزگرتن لە زمان و ناسنامەی نەتەوەیی ئەوان و بە ڕەسمیناسینی مافەکانیان دایە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، پشتیوانیی خۆی لە خەبات و تێکۆشانی چالاکان و هەڵسووڕاوانی نیوخۆ بە مەبەستی بەڕەسمی ناسرانی زمانی نەتەوەکانی ئیران و خوێندن بەو زمانانە لە قوتابخانەکان، ڕادەگەیەنێ. هیوادارین ئەم ویستە پیرۆزە هەوێنی هاوخەباتی، هاودەنگی و هاوکاریی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری لایەنگران و داکۆکیکارانی مافە نەتەوەیی و زمانییەکان لە نێوخۆی ئێران دابێ و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵاتیش هاندەر و پشتیوانی خەبات بۆ ئەم مافە ڕەوایانە بن.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٧ی فێوریەی ٢٠١٤**
**٢٨ی ڕێبەندانی ١٣٩٢**

## سەردانی شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزب لە هەولیر لە پێوەندییەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران



شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێر سەردانی بنکەی پێوەندییەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانی کرد.

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٣ی ڕێبەندان شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە هەولێرو حەسەن کاکیلی، کادری پێوەندییەکان سەردانی بەشی پەیوەندییەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانی کردو لە لایەن کامیل نورانی‌فەر، بەرپرسی پەیوەندییەکانی سازمانی خەباتەوە پێشوازییان لێ کرا.

لەو دانیشتەدا وێڕای نوێکردنەوەی دیدارو چاوپێکەوتنەکان کۆمەڵێک بابەتی پەیوەندیدار بە پرسی کورد بە گشتیی‌و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەوانەش پێویستیی لێکنێزیک بوونەوەو هاوکاری‌و هاوهەڵوێستیی زیاتری هێزە سیاسییەکان باسیان لێ کراو تیشک خرایە سەر چۆنیەتی گرێدانەوەی کاروچالاکییەکانی هێزە سیاسییەکان، بە کاروتێکۆشانی چالاکانی سیاسی‌و مەدەنی‌و فەرهەنگی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و، لەو بارەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

## بەشداریکردنی هەیئەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی دامەزرانی کۆمەڵەکاندا

سێ هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان جیاجیا بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی دامەزرانی لایەنەکانی کۆمەڵەدا کردوە.

ڕۆژی شەممە، ٢٦ ی ڕێبەندان هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کەریم مەهدەوی، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە سلێمانی‌و بە هاوڕێیەتیی محەممەد شەهرەوان، ڕەحمان سەلیمی و گەلاوێژ پەیرەوان بەشداری لە ڕێوڕەسمی دامەزرانی کۆمەڵەدا کرد و پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیەی بە کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ڕاگەیاند.



هەر لەو پێوەندییەدا ڕۆژی هەینی، ٢٥ی ڕێبەندانیش هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کەریم مەهدەوی‌و هاوڕێیەتیی کوروش نوسرەتی، شیلان قوربانی‌فەر و سەید جەلال ساڵحی بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی دامەزرانی حیزبی کۆمونیستی ئێران (کۆمەڵە) دا کرد و پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتیان بەو بۆنەیە، بە بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمە گەیاند.

هەر لەم ڕۆژەدا هەیئەتێکی دیکەی حیزب بە سەرپەرستی خالید وەنەوشەو هاوڕێیەتیی سۆران نووری‌و خالید یووسفی، میوانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بوون‌و پەیامی پیرۆزبایی حیزب بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەیان پێشکێش بە خانەخوێ کرد.

سەرنج بدەن!

« کوردستان» هەموو ژمارەیەک هەڵبژاردەیەک لەو راپۆرتو هەواڵانەی لەلایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، یان خوێنەرانی ئەم رۆژنامەیە بە راگەیەنەکانی حیزب دەکەن لەم لاپەڕەیەدا بڵاو دەکاتەوە. داوا لە خوێنەران دەکەین لەگەڵ راپۆرتو هەواڵەکانیاندا وێنەی پێوەندیدار بە بابەتەکەش بنێرن.

## سەردەشت – کچێک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا

شەوی ٢١ی ڕێبەندان کیژێکی لاوی سەردەشتی لە گەڕەکی سێڕای مارەغان بەناوی (مەستانە شەریفی‌تەڵەب) کچی ڕەحمان خەڵکی ڕەزگەی ناوچەی سەردەشت لەبەر کێشەی بنەماڵەیی‌و کۆمەڵایەتی، بە خۆخنکاندن کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

**ڕێبین لە سەردەشت**

## کۆچی‌دوایی سەرۆکی کۆمەڵەی کەم‌ئەندامان لە مەهاباد



بۆ ئاگاداریتان ڕۆژی یەکشەممە خەلیل پەسوەیی لە تەوریز بە هۆی ئیستی قەلبی ( راوەستانی دڵ) کۆچی‌دوایی کرد. ناوبراو سەرۆکی (جامعەی معلولین)ی مەهاباد بوو. کاک خەلیل کەسێکی زۆر خۆشناوو شۆرشگێڕ بوو. ناوبراو شوێنێکی بەناوی (نگهداری از معلولین کەوین) دانابوو کە خزمەتێکی زۆری بە مەعلوولین‌و فەلەجەکانی مەهاباد دەکرد.

**هیوا لە مەهاباد**

## دوو جاش لە بارازی نەڵاس لاوێکی بێ‌تاوانیان کوشت

ئێوارەی ڕۆژی ٩٢/١١/١٦ کەسێکی گوندی واوانی ناوچەی سەردەشت بەناوی سۆران عەبدی کوڕی عەبدوڵڵای مستەفایی کە بە ماشێن بەرەو شارۆچکەی نەڵاس دەچوو بێ‌ئەوەی هیچ بارێکی قاچاخی پێ‌بێ تەقەی لێ‌دەکرێ، بەڵام وەبەر نایە دوای ئەوەی ئەو دوو جاشەی کە تەقەیان لێ‌کردوە دەیان‌ناسێ لە بازاری نەڵاس پێیان دەڵێ کە بۆ تەقەتان لێ‌کردم، لەبەر چاوی خەڵک وەبەر دەستڕێژی گوللەی دەدەن‌و دەیکوژن.

ناوی ئەو دوو جاشەی کە ئەو لاوەیان کوشتوە بریتییە لە: ١_ مەهدی محەممەدمەزرایی، ٢_ سالاری کوێخا خدری سەرشیوێ.

لە ئاکامدا نەفەرێک بەناوی حەیدەر قادرپوور کوڕی جەلال خەڵکی ماڵتە تەمەنی ٢٨ ساڵە بە توندی بریندار دەکەن.

**باوکی هەرێم لە بانە**

## بە هۆی تەقەی هێزەکانی ڕێژیم، کەسێکی بێتاوان کوژرا

شەوی چوارشەممە لە سەر پێنج‌شەممە ١٦ لە سەر ١٧ی ڕێبەندان هێزەکانی ڕێژیم لە ناوچەی ئالان تەقە لە ماشێنێکی باری دەکەن بەڵام ماشێنەکە خاڵی بووە. لە ئاکامدا شۆفێری ماشێنەکە بە ناوی سۆران خەڵکی گوندی واوانی سەردەشت کە خاوەنی ٢ منداڵە دەکوژرێت.

**کارزان لە سەردەشتەوە**

**ڕۆژین مەلەکی لە سەردەشت**

## بریندداربوونی کەسێک بە تەقەی هێزی ئینتزامی

ڕۆژی ٩٢/١١/١٤ هێزی ئینتزامی لە گوندی «زەڵێ»ی ناوچەی بانە تەقە لە کاسبکاران دەکەن.

## دژایەتی کردن لە گەڵ دانانی پەیکەرەی (هەڵۆ) لە گوندێکی ناوچەی هەوشار

لە کاتێکدا خەڵکی ئاوایی (نەیکەنی) لە ناوچەی هەوشار بە هاوکاریی شووراو دێهیاری ئاواییەکەیان ویستوویانە پەیکەرەی «هەڵۆ»یەک لە ناوەندی ئاواییەکەیان دابنێن، لە گەڵ دژایەتیی کۆمەڵێک کەسی خۆفرۆشی پشت ئەستوور بە ئیتلاعاتی ڕێژیم لە شاری تیکاب ڕووبەڕوو بوونەتەوە.

ئەم پەیکەرەیە کە بە هاوکاریی شووراو خەڵکی ئاوایی نەیکەنی سازکراوە، بڕی ٧میلیۆن تمەنی تێچووە. بەڵام چەند خۆفرۆشێک بە دنەدانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری تیکاب وتوویانە سازکردنی ئەم پەیکەرەیە مەبەستی سیاسی لە پشتەو تەعبیر لە پێشمەرگە دەکاو نابێ دانرێ.

ئیدارەی ئتلاعاتی تیکاب بە خەڵکی ئاوایی ڕاگەیاندوە کە ئەم پەیکەرە دەبێ بگۆڕن‌و بە جێی هەڵۆ پەیکەرەی «بزن»ێک دابنێن.

**سووروسات لە هەوشارەوە**

## چارەنووسی پرۆژەی مەسکەنی مێهر لە دێوڵان

قەرار بوو بینایەی مەسکەنی مێهری دێوڵان لە مەیدانی پەرچەمدا، پاش ئەوەی تەکمیل کرا، بدرێ بە داواکاران. هەرکام لە داواکارانی مەسکەنی مێهر دوای واریزکردنی ١١ میلیۆن تمەن بە جێی مەسکەنی مێهر، چاوەڕوان بوون ماڵەکانی خۆیان تەحویل بدرێ. بەڵام ئێستا کە ئەو خانووە ئاپارتومانییانە تەحویلیان دراون، دەردەکەوێ کە لە هەرچەشنە پێداویستییەکی سەرەتایی بێبەشن، بۆ وێنە ئاو، بەرق، گاز، تەلەفۆن، کەلوپەلی ئاشپەزخانەو سرویسی بێهداشتی، داواکاران دەبێ بۆخۆیان ئەم پێداویستییانە دابین بکەن. پەیمانکار، گەمارۆ ئابوورییەکانی رۆژئاوا دژی ئێرانی وەک هۆی تەواو نەکردنی ئەم پرۆژەیە ناو بردوە. لەم پێوەندییەدا، بەرپرسانی پێوەندیدار هیچ چەشنە هەنگاوێکیان نەناوەو وڵامێکیشیان بە داواکاران نەداوەتەوە.

**لەیلاخ – دێوڵان**

## کرێکارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕووداوێکی کاری، لەهەرێمی کوردستان گیانی لەدەست دا

ئیبراهیم نیکبەخت ناوی باوک خدر کە لە غەسالەی چەوو لمی میرەبەگ سەر بە شارۆچکەی حاجیاوا لە ڕۆژی ٢٠١٤/٢/٥ لە کاتژمێر ٩ی بەیانییەوە دیار نامێنێ‌و دواتر کاتژمێر ٧ی ئێوارە لەو گۆماوەی کە بۆ زەخیرە کردنی ئاو بە کار دێت، لەلایەن تیمەکانی غەواسیی بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی شارستانیی «ڕاپەڕین» دوای ٢ کاتژمێر گەڕان تەرمەکەی دۆزرایەوە. شایانی باسە ئەو گەنجە لاقێکی تەواو نەبووو لەگەڵ هاوسەرەکەی لەو شوێنە وەک کرێکار کاریان کردوە.

تەمەنی ٥٦ ساڵەو ماوەی چەند مانگێکە بە مەبەستی کارکردن هاتۆتە کوردستان.

**رزگار**

## دەستفرۆشەکانی مەریوان بەرەوڕووی پەلامارو هەڕەشە بوونەوە

ئەمڕۆ بەیانی مەئموورانی شارەداریی مەریوان بە هاوکاریی هێزە ئینتزامییەکان دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی کەل‌و پەلی دەستفرۆشانی نێوشارو هەڕەشەیان لێ‌کردن. ئەم کردەوەیەی هێزە ئینتزامییەکان بووە هۆی نارەزایی دەربڕینی دەستفرۆشانی مەریوانی، بەڵام مەئموورەکان، سەرنجیان نەدایە نارەزایی دەربڕینی ئەوان.

**سەیوان _ مەریوان**

## پیرانشار: دوو برا خوشکەکەی خۆیان کوشت

شەوی ٩٢/١١/٢٢ ژنێک بە ناوی نەشمیل کچی مراد خەڵکی پیرانشار هاوسەری خالید لە لایەن دوو لە براکانی دەکوژرێ‌و جەنازەکەی لە نیزیک کارخانە قەندی فڕێ دەدرێ، تا ئێستا هۆکارەکەی نەزانراوە کە بۆ کوشتوویانە ئەو دوو کەسەش هەڵاتوون.

**جەنگی، لە پیرانشارەوە**

## بڕانی ئاو لە گەڕەکەکانی «کانی سۆفی تەها»و «ئەسحابە سپی»

ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی ڕێبەندان گەڕەکەکانی « کانی سۆفی تەها»و « ئەسحابە سپی» براوەو خەڵک لەم سەرمایەدا، لە کانی مامقەمبەرانەوە، ئاویان هێناوە. لە حاڵێکدا کە بەرپرسانی ئیدارەی ئاو، هیچ جۆرە وەڵامێکیان بۆ ئەم بڕانی ئاوە بە خەڵک نەداوەتەوە.

**مەهاباد: ژاکاو**

هەواڵ و راپۆرت

---

نۆڕوێژ

## «مادده سڕکەرەکان _ هۆکار، زەرەر و ئاکامەکانی» لە کۆبوونەوەیەکدا



بەشی پەروەردە و راهێنانی کۆمیتەی نۆڕوێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی لەژێر ناوی « مادده سڕکەرەکان _ هۆکار، زەرەر و ئاکامەکانی» بۆ هاشم رۆستەمی، کادری لەمێژینەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێک‌هێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی شەممە، ١٩ ی بەفرانبار بە بەشداریی ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزب بەڕێوە چوو، هاشم رۆستەمی بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە مێژووی چەند سەد ساڵەی بەرهەمهێنانی مادده سڕکەرەکاو هەروەها ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی ئەو ماددەیە لە سەرانسەری جیهان‌و ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەتی ئەفغانستان‌و ئێران؛ ئاماژەی بە هۆکارەکانی چاندن‌و پەروەردە کردنی مادده سەڕکەرەکان وەک لەباربوونی باری جوغڕافیایی هۆکارەکولتووری‌و ئابوورییەکان کرد.

هاشم رۆستەمی لە درێژی کۆبوونەوەکە دا هەروەها باسی لە جۆر و شێوازەکانی بەرهەمهێنانی مادده سڕکەرەکانی کرد و، دواتر ناوبراو بە شێوەیەکی تایبەتی تر باسی لە مێژووی چاندن و پەروەردەکردن و دواتر بازرگانی پێکردنی مادده سڕکەرەکان لە ئێران کرد. هاشم رۆستەمی لە بەشی کۆتایی باسەکەی‌دا بە شێوەیەکی تایبەتی باسی لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی‌و سیاسەتەکانی ڕێژیم بۆ بازرگانی کردن بەو مادده سڕکەرانە کردو لەو بەشەدا باسی لەوە کرد کە کۆماری ئیسلامی لەو ماددانە وەک چەکێک بۆ دەستەمۆ و کزکردنی هەستی نەتەوەیی لە نێو گەلانی ئێران کەڵک وەردەگرێ و، هەمیش لەو ڕێگایەوە بەهرەیەکی بەرچاوی ئابووری دەست دەکەوێ.

شایانی باسە لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێکی بەرچاو بەشدارییان لە باسەکەدا کردو ڕاو سەرنج‌و تێبینیی خۆیان خستە سەر باسەکەی کۆڕگێڕی کۆبوونەوەکە.

## بەڕێوەچوونی ڕیورەسمی ٢ی ڕێبەندان ٦٨هەمین ساڵی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ولاتی دانمارک

ڕۆژی شەممە ریکەوتی ١ی فیبریوار ٢٠١٤ی زایینی ریورەسمیکی پرشکۆ بە بۆنەی ساڵ یادی دامەزرانی کوماری کوردستان لە شاری گریوەی ناوچەی شیلەندی دانمارک، بە بەشداری ڕادەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان لە وڵاتە بە ڕێوەچوو.

ڕیورەسمەکە لە سەعاتی ٦ی ئیوارە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب وخولەکیک بیدەنگی بو ریزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد و پاشان پەیامی کومیتەی دانمارک لە لایەن خالید رەواندووست بەرپرسی کومیتە ناوچەی شیلاند خویندرایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی بەرنامەکەدا پارچە هونراوەیەک لە لایەن کاک ئەبووکر مارەغانی ئەندامی کومیتەی حدک، بە ناوی ئیرادەی کۆمار پێیشکەش کرا. هەروەها پەیامی یەکیەتیەکانی ژنان و لاوان لە لایەن ئارەزو خالیدنژاد بەرپرسی ئەو یەکیەتییە پێشکەش کرا.

پاش پشوودان و خواردنی خوانی شەو کورتە فیلمئکی دیکۆمێنتی لەسەر چلۆنایەتی دروست بوون و رووخان وئەزمون و دەسکەوتەکانی کۆمار بۆ ئامادە بووان نماییش کرا

ریورەسمەکە بە موزیک و گورانی وهەڵپەرکی بەشداران بە شکۆیەکی تەواوە هەتا کاتژمێر ١٢ی شەو دریژەی کێشا.

## کۆمیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانییەکان یادی ٦٨ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت



ڕۆژی یەکشەممە کاتژمێری ٦ی ئێوارە لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن ڕێوڕەسمێکی پڕ شکۆ بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٦٨مین ساڵەوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەڕێوە چوو.

ڕێورەسمەکە بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان و سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب بەرنامەکە دەستی پێکرد. دواتر لەلایەن بەڕێز خسرو ئاژەگەیی ئەندامی کۆمیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانییەکان پەیامی کۆمیتە بەم بۆنەوە پێشکەش کرا. دوابەدوای وتەکانی بەڕێز ئاشگەیی، سمینارێکی زانستیانە بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی گرینگی ئەو کۆمار و کارتێکەریی لە سەر ڕەوتی دەیان ساڵەی بزووتنەوەی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان بە بەشداری بەڕێز ئەنوەری سولتانی دەستی پێکرد.

بەڕێز سوڵتانی لە وتەکانی دا لەسەر چەند راستییەکی مێژوویی سەبارەت بە کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ دا دوا. تەوەری باسەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوون: ئایا کۆماری کوردستان دەسکردی سۆڤیەت بوو؟ سەفەری باکۆ ئایا دەستەلات داریەتی کورد لەو ساڵەدا شێوازی کۆماری هەبوو یا ناوچەی خودمختار پێک هاتەی سیاسی دەستەلات دارییەکە پێک هاتەی ئابووری پێک هاتەی نیزامی چەند روون کردنەوەیە لەپەیوەندی لەگەڵ شەهیدانی کۆمار.

بەشی دووهەمی بەرنامەکە بە شایی و هەڵپەرکێ تیپی مۆسیقای شاز ڕازێنرایەوە. جێگای ئاماژەیە کە کۆمیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانیەکان پێکهاتووە لەبەشی هەرەزۆری حیزبەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان. جێگەی بەبۆنەی یادی ٦٨ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان مەڵبەندی رۆشنبیری کورد لە لەندەن و هەروەها بزووتنەوەی کۆماری خوازی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئەنجومەنی رۆژنامە نووسانی رۆژهەڵاتی کوردستان پەیامی پیرۆزباییان ناردبوو.

**فەرهەنگستانی فارسی ئەرکی ئەوەیە مشوورێک لەوە بخوا کە زمانی فارسی نەبێتە پاشکۆی زمانی عەرەبی و زمانانی دیکە. پێویستە فکرێک لەوە بکاتەوە ئەو کولتووره دەوڵەمەندەی فارسی وای لێ نەیە بۆ نەسلەکانی داهاتوو نامۆ بێ، پێویستە زاراوەسازی بکاو وشە فەرامۆش کراوەکانی فارسی زیندوو بکرێنەوەو بەکار بێنرێن. فەرهەنگستان دەبێ هەوڵ بدا پلان بۆ زمانە کارتێکراوەکەی فارسی دابڕێژێ. لە جیاتی بە فیڕۆدانی ئینێرژیی خۆی لە دژی زمانێکی دیکە با ئەو ئینێرژییە لە چارەسەری زمانی فارسی دا بەکار بێنێ.**

# فەرهەنگستانی زمانی فارسی مافی بڕیاردان لەسەر زمانی کوردیی نیە



مستەفا مەعرووفی

لە کاتی هەڵبژاردنی یازدەیەمین دەورەی سەرکۆماری‌دا، حەسەنی رووحانی لە بەرنامە تەبلیغاتییەکانی‌دا ئاوڕێکی لە کێشە نەتەوەییەکان دایەوەو هێندێک وەعدو بەڵێنی بە تایبەتی لە بواری خوێندن بە زمانی زگماکیی ئەون دا کە لە قانوونی ئەساسییش‌دا ئاماژەی پێ‌کراوە بەڵام هەتا ئێستا پشتگوێ خراوە.

بۆ شەش مانگ دەچێ حەسەنی رووحانی بە کردەوە پۆستی سەرکۆماریی وەرگرتووە هەرچەند هیچکام لەو وەعدو بەڵێنانە بەدی نەهاتوون، بەڵام هەر ئەو وەعدوبەڵێنانە ژمارەیەک نوخبەی مەزنیخوازی فارسیی بە تایبەتی لە فەرهەنگستانی زمانی فارسی تووڕە کردوە. لەم دواییانەدا فەرهەنگستان داوای لە رووحانی کردوە کە بە هیچ جۆر رێگا نەدا خوێندن بە زمانی کوردی سەر بگرێ.

ئەوە کە فەرهەنگستانی زمانی فارسی داوایەکی وا لە دەوڵەت دەکا، ئەرکی ئەم فەرهەنگستانە، هۆی داوایەکی ئەوتۆو بێ‌بنەمایی ئەم داوایە لە رووی زانستی و ئاکامەکانی، لەو بابەتانەن کە لەم وتارەدا باسیان دەکرێ.

## ئەرکی فەرهەنگستانی زمانی فارسی

لە کۆنەوە زمانی فارسی لەژێر کاریگەرییەکی زۆری زمانی عەرەبی دایە؛ چەند دەنگ کە لە بنەڕەتدا دەنگی زمانی فارسی نین لە رێگای وشە عەرەبییەکانەوە هاتوونەتە نێو زمانی فارسی و هاتوونەتە نێو ریزی ئەلف و بێی فارسی وەک: ط،ث،ذ،ض،ص،ظ. بە سەدان – ئەگەر نەڵێین بە هەزار – وشەی عەرەبی لە زمانی فارسی دا هەن. بە تایبەتی پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لەبەر لایەنی مەزهەبی گرنگییەکی تایبەتی بە زمانی عەرەبی دەدرێ. نێوەڕۆکی ئایینی بەسەر کتێبە دەرسییەکان‌دا زاڵەو دەقە پیرۆزە مەزهەبییەکان لە کتێبەکان‌دا یەکجار زۆرن، لە خۆتبەو تریبوونە رەسمییەکان‌دا زاراوەو دەربڕینی عەرەبی گەلێک بەکار دێ.

ئەگەر لە کۆن‌دا لە نێو زانایانی فارس‌دا باو بوو بەرهەمە زانستییەکانیان بە عەرەبی بنووسن، لە سەرف و نەحوی عەرەبی دا زۆر بچنە پێش، ئەمڕۆ سیاسییەکان بۆ سەلماندنی شارەزایی ئایینیی خۆیان لە بەکارهێنانی وشەو رستەی عەرەبی‌دا لە پێشبڕکێ دان. ئیدی زمانی فارسی کەوتۆتە بەر تەوژمی شەپۆلی زمانی عەرەبی و تا رادەیەکی زۆر سیمای زمانی عەرەبیی بە خۆیەوە گرتوە.

لە لایەکی دیکەش زمانی فارسی لە بوارە زانستییەکان‌دا، ئەوەی پێیان دەگوتن زانستە نوێیەکان، وەک شیمی، فیزیک، پزشکی، زانستە سروشتییەکان... هتد کەوتۆتە ژێر کاریگەریی زمانانی ئوروپا بە تایبەتی فەرانسەیی. زمانی فارسی نەک هەر لە وشەدا بەڵکوو لە ئیدیۆم و دەستە واژەش دا ئەو کاریگەرییەی زۆر پێوە دیارە.

فەرهەنگستانی فارسی ئەرکی ئەوەیە مشوورێک لەوە بخوا کە زمانی فارسی نەبێتە پاشکۆی زمانی عەرەبی و زمانانی دیکە. پێویستە فکرێک لەوە بکاتەوە ئەو کولتووره دەوڵەمەندەی فارسی وای لێ نەیە بۆ نەسلەکانی داهاتوو نامۆ بێ، پێویستە زاراوەسازی بکاو وشە فەرامۆش کراوەکانی فارسی زیندوو بکرێنەوەو بەکار بێنرێن. فەرهەنگستان دەبێ هەوڵ بدا پلان بۆ زمانە کارتێکراوەکەی فارسی دابڕێژێ. لە جیاتی بە فیڕۆدانی ئینێرژیی خۆی لە دژی زمانێکی دیکە با ئەو ئینێرژییە لە چارەسەری زمانی فارسی دا بەکار بێنێ. ئەرکی فەرهەنگستانی زمانی فارسی چارەسەری کێشەکانی زمانی فارسییە نەک بڕیاردان لەسەر زمانی نەتەوەیەکی دیکە. ئەوەکە زمانی کوردی‌و زمانی نەتەوەکانی دیکە رێگایان پێ نادرێ بخوێنرێن، کێشەیەکی سیاسییەو پێوەندیی بە زانستی زمانەوە نیە، فەرهەنگستانی فارسی نابێ بۆ مەبەستی سیاسی پشت لە ئەرکە زانستییەکانی بکا.

## فەرهەنگستان بۆ داوادەکا زمانی کوردی نەخوێندرێ؟

***ئەم مەسەلەیە دوو هۆی هەیە؛ یەکەم مەزنیخوازیی ئەندامانی فەرهەنگستان، ئەگەر نەڵێین بیری شۆڤینیستیی ئەوان.*** ئەوە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بۆتە بەشێک لە مێژووی کۆن کە دەسەڵاتدارانی سەر بە نەتەوەی حاکم پێیان وا بوو زمانی ئەوان ئەسڵە و زمانی خەڵکی دیکە بایەخی نیە، زمانی ئەوان زمانی دەسەڵاتەو شایانی ئەوەیە سیاسەتی پێ بکرێ پێی بخوێندرێ...و بە چاوێکی نزم سەیری زمانی خەڵکی دیکەیان دەکرد. ئەو شێوە بیرکردنەوەیە تەنیا لە پاوانخوازی و مەزنیخوازیی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێ و فەرهەنگستان لە بواری فەرهەنگی و کلتووری‌دا پێڕەویی لێ‌دەکا. ئەو داوایەی فەرهەنگستان راست ئەو رستە بە ناوبانگەی سەردەمی رەزا شای پەهلەوی وەبیر دێنێتەوە کە لەسەر دەرگای قوتابخانەو ئیدارەکان دەنووسرا « بجز فارسی سخن نگوئید» ( بە فارسی نەبێ قسان مەکەن).

***دووەم؛ پوتانسیەلێکی بەهێزی کورد بۆ دەوڵەمەند کردن و گەشەپێدانی زمانی کوردی.*** ئەمە وای کردوە هەستی رقبەرایەتی لە دەروونی مەزنیخوازانی فەرهەنگستانی فارسی‌دا بجوولێنێ. ئەوان پێیان خۆش نیە شاکارەکانی چەشنی عەلی ئەشرەفی دەرویشیان، محەممەدی قازی، ئیبراهیمی یوونسی‌و... کە کوردی فارسینووسن لەوە بە دوا بە کوردی بنووسرێن. گەشەکردنی زمان‌و فەرهەنگی کوردی و لە ئاکامی ئەوەش‌دا گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کورد خەونی مەزنیخوازانەیان دەشوێنێ. کاتێک دەبینن نووسەرانی کورد لە جیاتی ئەوەی بە فارسی بنووسن، بە کوردی دەنووسن، کاتێک دەبینن رۆڵەکانی کورد خۆبەخشانە و بە ئیمکاناتی ماڵیی خۆیان‌و بەبێ وەرگرتنی هیچ مووچەیەک بە پێکهێنانی کۆڕو ئەنجومەن فێری خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی دەبن،دەرچوونی ئەو هەمووە رۆژنامەو کتێبە بە زمانی کوردی دەبینن،چاویان بە زمانی کوردی هەڵنایە، بەڵام کاتێک دەبینن بەو هەمووە ئیمکانات‌و دەسەڵاتەی لەبەر دەستیان نراوە و رێنوێنییەکانیان بۆ چارەسەری زمانی فارسی زۆر بڕ ناکا، سیاسەتی حاشاو ئینکاری زمانەکانی دیکە دەگرنە بەر.

## داوای فەرهەنگستان لە رووی زانستییەوە دروستە؟

رەنگە ئەندامانی فەرهەنگستانی فارسی شارەزای زمانی کوردی نەبن، هەربۆیەش ناتوانن بڵێن زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆ نیە، ئەگەر شارەزای زمانی کوردی بن دەزانن کە زمانێکی سەربەخۆیە. گیروگرفی ئەمانە ئەوەیە کە پێیان وایە هەرکەس خەڵکی ئێران بێ فارسە. وەک سیاسییەکانیان وا بیر دەکەنەوە کە ئەگەر قبووڵ بکەن زمانی کوردی سەربەخۆیە، دەبێ قبوڵیش بکەن لە رووی سیاسییشەوە مافیان هەیە سەربەخۆ بن. تەنانەت زەحمەتی ئەوەندەش بە خۆیان نادەن کە بزانن وڵاتی وا هەیە سی زمانی فەرمیی هەیە. پاشان جگە لەوەی کە لە زۆر وڵات دوو زمان و تەنانەت سێ زمان بە فەرمی ناسراون، سیستمی دوو زمانە و چەند زمانە لە پەروردەدا هەیە، تەنانەت منداڵانی پەنابەرانیش ئیمکاناتی فێرکردنی زمانی دایکیان بۆ دابین دەکرێ، کەچی نەتەوەیەکی چەند میلیۆنی لە وڵاتی خۆی مافی خوێندن بە زمانی خۆی نیە! لەوەش سەیرتر لە ئێران ئەوە هیچ کە دەرسی عەرەبی شانازییە، زۆربەی زمانانی زیندووی جیهان لە رشتەی جۆراوجۆر دا دەخوێندرێن، بەڵام منداڵی کورد لە وڵاتی خۆی مافی نیە بە زمانی خۆی بخوێنێ.

خۆ دەبێ فەرهەنگستانی زمانی فارسی بزانێ کە لە سەدەی ١٧ەوە زانستی زمان ئەو گومانەی رەت کردۆتەوە کە زمانێک لە زمانێکی دیکە «چاکتر»، زمانێک لە زمانێکی دیک»خۆشتر»، زمانێک «ئەسڵ»و زمانێک « نائەسڵ» بێ. هەموو زمانان خاوەنی ئەو تایبەتمەندیانەن کە زمانێک هەیەتی. کە وابوو بۆ دەبێ وا بیر بکەنەوە کە زمانی فارسی ئەسڵە و ئەوانی دی نا ئەسڵ، یان زمانی فارسی باشەو ئەوانی دی خراپ و وا بیر بکەنەوە کە هەر زمانی فارسی دەبێ رێگای پێبدرێ بخوێنرێ.

**دەبێ فەرهەنگستانی زمانی فارسی بزانێ کە لە سەدەی ١٧ەوە زانستی زمان ئەو گومانەی رەت کردۆتەوە کە زمانێک لە زمانێکی دیکە «چاکتر»، زمانێک لە زمانێکی دیکە «خۆشتر»، زمانێک «ئەسڵ» و زمانێک «نائەسڵ» بێ.**

فرهنگستان زبان و ادب فارسی



## ئاکامی ئەو هەڵوێستەی فەرهەنگستان چ دەبێ؟

هەلوێستێکی لەم چەشنە لانی کەم دوو ئاکامی لێ دەبێتەوە: یەکەم، ئەگەر دەوڵەتی رووحانی وەڵامی فەرهەنگستان نەداتەوەو سوور بێ لەسەر جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی، جگە لە شکست‌و بێ ئیعتیبار بوونی فەرهەنگستان ئاکامێکی دیکەی نابێ. بە تایبەتی کە پێشتریش راسپاردەکانی فەرهەنگستان بە باشی پێڕو نەکراون،ئیدی ئەوکات فەرهەنگستان زۆر دەکەوێتە پەراوێزەوە.

دووەم، ئەگەر دەوڵەت نەیەوێ بەڵێنەکەی بەجێ بگەیەنێ یان بکەوێتە ژێر کاریگەریی داوای فەرهەنگستانەوە، ئەو نرخ‌و بایەخەی زمان‌و فەرهەنگی فارسی لە نێو کورددا هەیبووە و هەیەتی زیانی پێ دەگا. کورد کە هەمیشە روانگەیەکی جیاوازی لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی لە ناوەندو، نەتەوەو زمان‌و فەرهەنگی فارس‌دا هەبووەو حیسابی ئەو دووانەی جیا کردۆتەوە، ئەو کات روانینی بۆ زمان‌و فەرهەنگی فارسی ئەو روانینە دەبێ کە بۆ دەسەڵاتی سیاسی لە ناوەند هەیەتی.

## ئاکام

داوای فەرهەنگستانی زمانی فارسی لە دەوڵەت بۆ پێشگیری لە خوێندنی زمانی کوردی داوایەکی دژی فەرهەنگییەو لەگەڵ زانستی زمان یەک ناگرێتەوەو زیاتر داوایەکی سیاسییە. ئەم بۆچوونە بیرتەسکانەیە زیان بە ئێعتبار و نفووزی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی فارسی دەگەنێ لە نێو میللەتانی دەروبەر بە تایبەتی کورددا. نزیکەی ١٠٠ ساڵە دەسەڵاتدارانی شۆڤێنیست پلان بۆ ئاسیمیلەکردنی زمانی کوردی دادەڕێژن بەڵام زمانی کوردی زیاتر خۆی پاراستووە تەنانەت زیاتر پەرەی گرتوە. ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو دەری خستوە پێکهێنانی دەرفەتی ئازادانە بۆ زمان‌و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان ئاکامەکەی گەشەکردنی فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان‌و بەهێزبوونی گیانی پێکەوە ژیانی بە ئاشتییە.

**ئەو رستە بە ناوبانگەی سەردەمی رەزا شای پەهلەوی وەبیر دێنێتەوە کە لەسەر دەرگای قوتابخانەو ئیدارەکان دەنووسرا « بجز فارسی سخن نگوئید» (بە فارسی نەبێ قسان مەکەن).**

ئەوەی جێی سەرسووڕمانو جێگەی داخە ئەوەیە کە خەڵکی ئێران بۆچی و تاکەی لە ئاست ئەو هەموو نەهامەتییانەی ئەم دەسەڵاتدارانەی کۆماری ئیسلامی بەسەریان دێنن بێدەنگ دەبن و ئەم جۆرە ڕەفتارانە زۆر بە ئاسایی وەردەگرن! ؟ ئایا ئینقلابیان کرد لەدەست ناعەداڵەتی ڕزگاریان بێ، یان بەم چارەنووسە تاڵە کە وەک کۆیلە و ژێرچەپۆکە بمێننەوە؟

کوێستان فتووحی

ئەگەرچی ئەردۆغان دوای گەڕانەوەی بۆ تورکیە ڕوانگەو سیاسەتە جیاوازەکانی تورکیە و ئێرانی لە ناوچەکەو بە تایبەت قەیرانی سووریەدا نەشاردەوە، بەڵام وێدەچی لە سیاسەتی نوێی دوای کۆبوونەوەکانی ژنێڤدا، تورکەکان شیمانەی ئەوەشیان کردبێ کە ڕەنگە سیاسەتی ئەم وڵاتەش لە هەمبەر ئەسەددا گۆڕانی بەسەردابێ. هەر بۆیە وا زوو دەست بەکاربوون و نایانەوێ بەرژەوەندیی ئابووری خۆیان بە قوربانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەسەد بکەن کە چارەنووسیان زۆر ڕوون و دیار نیە

تەها ڕەحیمی

# کۆیلە هێشتنەوەی خەڵکی ئێران، سیاسەتی ٣٥ ساڵەی کۆماری ئیسلامی بووە!





**کوێستان فتووحی**

گەلاڵەی دابەشکردنی «سبد کالا» بۆ خەڵکی کەمداهات لە ئێران، کێشەی نایەوە و لەهەمانکاتیشدا جۆرێک بوو لە سووکایەتیی کردن بەخەڵکی هەژار و کەمداهات.

دیاردەی هەژاری لە ئێران یەکێکە لەو بابەتانەی قسەوباسێکی زۆری لەسەر دەکرێ. بە ڕوانینێک لە ڕوخساری دڵتەزێن و هەژارانەی خەڵک لە سەفەکانی وەرگرتنی «سبد کالا»، بۆمان دەردەکەوێ کە بارودۆخی زۆربەی خەڵک لە ئێران لەبواری ئابوورییەوە لەوپەڕی خراپی دایە.

دەوڵەتی ڕووحانی کە پێشتر تەرحێکی داڕشتبوو کە لە «دهەی فجر»دا وەک جێژنانە و دیاریی ٣٥ساڵەی سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵکی ئێران! هەروەها بەناوی کەمبوونەوەی هەژاری لە وڵاتدا! هەڵبەت دوای ٣٥ ساڵ! هێندێک خاروبار بە خۆڕایی بە سەر خەڵکدا دابەش بکا. لە ١٣ی ڕێبەنداندا دەست بە جێبەجێ کردنی ئەم تەرحە کراو «سبد کالا» بەسەر خەڵکی کەمداهاتدا دابەش کرا، بەڵام چ دابەشکردنێک!

ڕەفتارو هەڵسوکەوتی کارمەندانی دابەشکردنی خواردەمەنی لەگەڵ خەڵک، ئەو خەڵکەی کە بە سەرمای ١٠ پلە ژێر سیفر ریزیان بەستبوو بۆ وەرگرتنی ئەو خاروبارە، دەردەکەوێ کە ئەوەی بە ناوی «سبد کالا» لە بەرەبەری ٢٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی شۆڕشی خەڵکی ئێران وەک «هەدیە» بە خەڵکی هەژار درا، جگە لە بێرێزی کردن بەو خەڵکە هیچی دیکە نەبوو! لە لایەکی دیکەش تەنانەت خەڵکەکە بۆخۆشیان بەجۆرێک ڕەفتاریان لەگەڵ یەکتر دەکرد کە هیچ نیشانەیەک لە ڕێزگرتن لەیەک و یەکتر قەبووڵکردنی پێوە دیار نەبوو. نۆرەبڕی و پاڵەپەستۆ و لێدانو کوتانی یەکتر وای کرد کە، دەوڵەتی ڕووحانی ڕەخنەی زۆری لە شێوەی دابەش کردنی ئەو سەبەتە کالایە هاتەوە سەر. بەتایبەت لەلایەن باڵی توندئاژۆی ڕێژیمەوە هێرش کرایە سەر دەوڵەتەکەی ڕووحانیو بەوە تاوانبار کرا کە سووکایەتی بە خەڵکی شەریفی ئێران کراوە! دیارە دیمەن و وێنەکانی دابەشینی سەبەتی کالا ئەم قسەی ئەوانیشی پشتڕاست دەکردەوە ئەگەرچی ئەوان بە نییەتێکی دیکەوە دڵسۆزییان! بۆ خەڵک دەکرد.

**ئەم شێوە یارمەتییانە بەخەڵک هەژاری چارەسەر دەکا؟**

لە ڕاستیدا دانی خاروبار لە لایەن هەردەوڵەتێکەوە بۆ خەڵکی دەستەنگی وڵاتەکەی خۆی، کارێکی باشە و لە زۆر لە وڵاتانی دنیادا ئەم کارانە دەکرێن بۆ یارمەتی دان بە هەژاران. بەڵام ئەوەی لە ئێران ڕوویدا بەوشێوەیەی هەمووومان لەم ڕۆژانەدا وێنەو فیلمەکانمان لە کاناڵەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا دیت! جگە لە بێهیوایی و نیگەرانی لە داهاتووی ئەو وڵاتەو نانەوەی کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتی، هیچی دیکەمان پێنالێ. کاتێک دەبینین خەڵک بۆ ١٠ کیلۆ برنج، ٢ مریشک و شانەیەک هێلکە و ٢ قوتوە پەنیر لە سەرمای ١٠ پلە ژێرسفردا لە بەردەبنە گیانی یەک و بێڕێزی بەیەکتری دەکەن، دەبێ چ داهاتوویەک لە چاوەڕوانی ئەو وڵاتە و خەڵکەکەیدا بێ؟!

ئەگەر هەموو ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەش تاڕادەیەک لە کۆمەڵگاکاندا بە ئاسایی وەبگیرێن، ناکرێ ئەوەی ڕێژیمی ئێران بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتەیدا دینێ بە ئاسایی وەرگیرێ! ئەگەر چاوێک بە ڕابردووی ژیانی خەڵکی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بخشێنین، هەمووی هەر چاولەدەستی، برسیەتی، بێکاری، قەیران و .... ئەو دیاردانەش دەتوانێ ڕووداوی زۆر لەوانە نەشیاوتر بقەومێنێ کە لە نێو سەفی وەرگرانی سەبەدی کالا دا ڕوویاندا! کە بە داخەوە زۆر کەس کەوتنەبەر پێیان و تەنانەت هەواڵەکان باسیان لە مردنی چەند کەسێک بە هۆی سەرماو و کەوتنەبەر پێکرد. دابەشینی «سبد کالا» لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا ڕووداوێکی نوێ نیە. ئەگەر بگەڕێینەوە نەک بو دوور، بەڵکوو هەر لە دەورانی سەرکۆماریی ئەحمەدی نەژاددا بوو لە کاتی خۆپاڵاوتنەوەی بۆ دەوری دووهەمی سەرکۆماری، دەگەڕا بە ناوچە و پارێزگاکانی ئێراندا و تەلیسە پارەڵماسی وەک دیاریی! دەدا بەخەڵک تا بەڵکوو خەڵک متمانەی پێبدەنەوە و ببێتەوە بە سەرکۆمار بەڵکوو لە هەژاری ڕزگاریان بکا! ئەم شێوە بەناو یارمەتییە پێش ئەوەی یارمەتی بێ بەخەڵک بێڕێزییەکی گەورەیە بە کاسایەتیی توێژی هەژارەکان.

وڵاتێک بەم هەموو دەوڵەمەندییە بۆچی خەڵکەکەی دەبێ تا ئەو ڕادەیە بە هەژاری بگا کە لەسەر شانەیەک هێلکەو دوو ڕۆنی یەک لیتری!! بەربنە گیانی یەکتر؟ یان کارمەندانی دابەشکردنی خاروبار بە گاڵتەوە شانەهێلکەیان بۆ فڕێ بدەن و سەروچاو و روویان بە زەردێنەی هێلکەکان زەرد بکەن! ئەوەی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکی هێناوە پیشەی هەمیشەییان بووە کە بەجۆرێک ڕەفتاریان لەگەڵ خەڵک کردوە تاکەسایەتیی مرۆڤەکان بشکێنن و وەک کۆیلە و ژێرچەپۆکە بمێننەوە.

بەڵام ئەوەی جێی سەرسووڕمانو جێگەی داخە ئەوەیە کە خەڵکی ئێران بۆچی و تاکەی لە ئاست ئەو هەموو نەهامەتییانەی ئەم دەسەڵاتدارانەی کۆماری ئیسلامی بەسەریان دێنن بێدەنگ دەبن و ئەم جۆرە ڕەفتارانە زۆر بە ئاسایی وەردەگرن! ؟ ئایا ئێنقلابیان کرد لەدەست ناعەداڵەتی ڕزگاریان بێ، یان بەم چارەنووسە تاڵە کە وەک کۆیلە و ژێرچەپۆکە بمێننەوە؟

دەوڵەتی ڕووحانی ئەگەر ناشتوانێ بەپەلە هەژاری ریشەکێش بکا، ئایا نەیدەتوانی ئەو خاروبارە بەسەر خەڵکی هەژارو دەستکورتدا دابەش بکا بەبێ ئەوەی بەم شێوەیە مانۆری لەسەر بدا ؟! سەرنج بدەنە وێنەکان بزانن چمان پێ دەڵێن!!

# پێوەندیی ئێرانو تورکیە، لە سایەی قەیرانی سووریەدا



**تەهای ڕەحیمی**

مێژووی ئەو دوویە کە جوگرافیاییەی هەنووکە بە ئێران و تورکیە ناسراون، پڕە لە هەوراز و نشێو و ململانێ. لە شەڕو پێکدادانەکانی ئیمپراتۆرییەکانی سەفەوی و عوسمانییەوە بگرە؛ هەتا ململانێی هێژمۆنی سیاسیو ئابووری و سەربازیی ئاتاتورک و شایەکانی پەهلەوی. بە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە نیوی دوویەمی سەدەی بیستی زایینیداو، بە هاتنە سەرکاری حکوومەتێکی تۆخی ئیسلامیو شیعە لە ئێران لەسەر دەستی خومەینی (کە نەک هەر خۆی بە ناوەندی ڕێبەریی کردنی بەرەی شیعەی جیهانی ئیسلامی دەزانی بەڵکوو بانگەشەی ڕێبەرایەتی جیهانی ئیسلامیشی هەڵگرت و تێکۆشا شۆڕشەکەی هەناردەی وڵاتە ئیسلامییەکانی دیکەش بکا) و هەبوونی دەسەڵاتێکی تەواو لائیک لە تورکیەی کەماڵی ئەم دوو وڵاتە ئەوەندەی دیکە لە ئایدۆلۆژیدا قووڵ بوونەوەو کەلێنیان کەوتە بەرەوە. بە هاتنە سەرکاری گرووپ و لایەنە ئیسلامگەراکان لە تورکیەداو زیندووبوونەوەی نۆستالۆژی و هەیبەتی ڕابردووی ئیمپراتۆری عوسمانی (کە ئەویش هەر خەون و خەیاڵی ڕێبەریی جیهانی ئیسلام و ناوەندەی خەلافەتی ئیسلامی لەسەردا دەپەروەرێنێ) لە بیرو هزری ئیسلامی میانەڕۆی سیاسییە تورکەکان، بە تایبەتی بەهاتنە سەرکاری پارتی ئاکەپە کە مودێلێکی ئیسلامی سیاسی نوێی جیهانی ئیسلامەو خەون بە ڕێبەریی جیهانی سونەوە دەبینێو، دەگەڵ دەسپێکی ناسراو بە بەهاری عەرەبی مودێلی هاوشێوەی لە تونیس و میسر بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەو وڵاتانە دامەزران، هێندەی دیکەی کەلێنی خستە نێوان ئێران و تورکیەوە. دوو مودێلە دەسەڵات بە مێژوویەکی خوێناویو دژ بەیەک و پێوەندییەکی لەرزۆک. بەڵام خاڵی تێکگیران و ڕووبەڕووبوونەوەی بەرژەوەندیی ئابووری و جیاوازیی سیاسەت و ستراتیژی ئەم دوو وڵاتە لە قەیرانی سووریە و سەرهەڵدانی جەماوەری خەڵک لەم وڵاتەدا بە لووتکە گەیشت. چونکە لە لایەکەوە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد کە کەوتبووە بەر پەلاماری ڕاپەڕیوان و جەماوەری ناڕازی بە زۆرینە سوننە، گرنگترین و نزیکترن دۆست و هاوپەیمانی ئێرانی دروشمهەڵگری بەرەی شیعە بووو، شۆڕشگێڕانیش کە سوننە بوون و، ڕێبەرانی ئاکەپەش بە گوێرەی ڕووداوەکان و شۆڕشەکانی تونیس و میسر تووڕەکەیان بۆ هەڵدڕووبوو؛ لەبیری دامەرزاندنی دەوڵەتێکی سوننە و مودێلێکی دیکەی ئاکەپە بوون لە سنوورەکانی خۆیان. ئەگەرچی تورکیە زۆر زووو، بە گوێرەی ڕووداوەکانی ئەو چەند وڵاتە عەرەبییەی پێشتر ڕاپەڕیبوون، لەهەمبەر ڕووداوەکانی سووریە هەڵوێستی وەرگرت، بەڵام ئێران بەبێ هیچ ئەملاو ئەولایەک ناچار بوو بۆ لەکیس‌نەدانی هەیمەنە و هێژمۆنی خۆی لە ناوچەکەداو بە تایبەتی ڕایەڵەی پێوەندیی میلیشا چەکدارەکانی لوبنان و فەلەستین و سووریە بە سەنگەری پێشەوەی خەباتی خۆی دەگەڵ بەرەی دژبەری لە قەڵەم بدا. هەر بۆیەش زۆر جاران لە گفت و لفتی بەرپرسانی حکوومەتی و تەنانەت دەوڵەتی ئەو وڵاتەش‌دا ڕەنگی دایەوە، کە شەڕی سووریە شەڕی ئێرانیشە. کەواتە هەر لە سەرەتای ئاڵۆزییەکانی سووریەوە ئەم دوو وڵاتە بە قووڵی لە شەڕی سووریەوە گلان و بە تایبەت ئێران بوو بە یەکێک لە لایەنەکانی شەڕ. بە گوێرەی هەواڵەکان لە نێوخۆی ئێران ڕا، دەردەکەوێ کە کوژراوێکی زۆر لە بەرەکانی شەڕەوە، دهێنرێنەوە وڵات کە لەبەرەکانی شەڕی نێوخۆیی سووریەدا دەکوژرێن. تورکیەش هەتا پێش کۆبوونەوەکانی ژنێڤ زۆر بە توندی پشتی ئۆپۆزیسیۆنی سووریەی گرتبوو و بە هیچ جۆرێک لە ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئەسەد دوودڵ نەبوو. ڕێکخستن و ڕێککەوتنی ئۆپۆزیسیۆن و زۆربەی هەرە زۆری کۆڕو کۆبوونەوەکانی دژبەران لە تورکیە و بە هەوڵ و تێکۆشانی دەسەڵاتدارانی تورک پێکدەهاتن. تورکیە لە گۆڕینی دەسەڵاتی ئەسەددا چەند ئامانجێکی بەدی دەکرد. هەروەک وتمان دامەزراندنێکی شێوە دەسەڵاتێکی ئیسلامی میانەڕۆ و حکوومەتێکی سوننە، کە جگە لە گەڕایشی بە تورکیە و کردنەوەی دەروازەی بازارەکانی بەڕووی بەرهەمی تورکیەدا، پێگەی ئەردۆغان و ئاکەپەی دوای ئاڵۆزییەکانی پارکی گەزی و نارەزایەتییەکانی ئانکارا و ئیستامبول و ئاشکرا بوونی گەندەڵییە داراییەکانی ئەم دواییانەی بەرپرسانی پلەبەرزی ئاکەپە دوو هێندە پتەو دەکردەوە، هەروەها پردی پێوەندیی ئێران و حیزبوڵڵای دەڕووخاندو ئەو بەرەیەی بە کردەوە شەق دەکرد، هەروەها سووریەی تازە دەبووە عێراقی دوای سەدام بۆ ئێران. چونکە هەروەک بینیمان و بە گوێرەی لێکدانەوەی خاوەن ڕایان و کارناسانی بواری سیاسەت دەردەکەوێ، ئێران سەرەکیترین براوەی ڕووخانی سەدام و عێراقی نوێیە، هەر بۆیە بەرپرسانی تورکیش بەم جۆرە لە سووریەی پاش ئەسەدیان دەڕوانیو بە گوێرەی لێکدانەوەکانی خۆیان پێیان وابوو، ئاڵۆزی و سەرهەڵدانی سووریەش وەک وڵاتانی دیکەی عەرەبی زۆری پێ ناچێ. هەروەها لە ئەگەری بە دەسەڵات گەیشتنی ئۆپۆزیسیۆن‌دا تورکیە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەیتوانی گوشارێکی تازە بۆ سەر پارتی کرێکارانی کوردستان بخولقێنێ کە گەورەترین کێشەکانی تورکیەو دەسەڵاتی ئەم وڵاتەن. چونکە سەرەڕای ئەوەی‌کە دەسەڵاتی بەعسی سووریە لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابوردووی زایینی‌دا لەسەر داوای تورکیەو نێونجێتی ئێران ئەو پارتە دژبەرەو ڕێبەرییەکەی لە خاکی خۆی وەدەرنابوو، دیسانیش وەک کارتێک دژی تورکیەی بەکار دەهێنا. هەروەها هەروەک وتمان ئێران هەر لە سەرەتاوە سیاسەتی لەهەمبەر قەیرانی سووریەدا دیارە و خۆی بە تەواوی یەکلایی کردووەتەوە، کە ڕووخانی ئەو دەسەڵاتە بە واتای نزیک بوونەوەی کۆتایی تەمەنی کۆماری ئیسلامییە، هەر بۆیە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە هەر چەشنێک بۆی کراوە هەتا ئەمڕۆش کە زیاتر بە سێ ساڵ بە سەر سەرهەڵدانی خەڵکی سووریە و قەیرانی ئەو وڵاتەدا تێدەپەڕێ، جگە لە تێچووی دارایی، تێچوویەکی گیانی زۆریشی داوە.

بەڵام بە دوای کۆبوونەوەکانی ژنێڤداو، دانیشتنی ڕووبەڕووی ئۆپۆزیسیۆن و نوێنەرانی دەسەڵاتی ئەسەد کە لە ئاستی جیهانی و بەتایبەت ناوچەیی‌دا شەپۆلێکی گەمەی دیپلۆماسی بەدوای خۆی‌دا هێناو، هەروەها داشکانی دەوڵەتی ڕووحانی لەسەر بەرنامەی ناوکی وڵاتەکەی کە ئەمیش بووە هۆی ئەوەی‌کە گەمارۆکانی سەر ئێران هێندێک بەرەو سووکی بباو، ئاسۆیەکی ڕوون لە داهاتووی پێوەندیی ئەم وڵاتە و دەرەوە بەتایبەت ڕۆژئاوا نیشان بدا، تورکەکانی ناچار کرد بە سیاسەتی خۆیان دابچنەوە. هەر بۆیە

ل ٧

**ـ ڕۆژنیە هەواڵی کوشتنی کاسبکاری کورد لەسەر سنووری ئێران- عێراق- تورکیە بڵاو نەبێتەوەو بەڵام بەداخەوە هەر لە چوارچێوەی هەواڵدا دەمێنێتەوەو خوێنیانوماڵیان بە تاڵان دەڕوا بێ ئەوەی کەس لێیان بپرسێتەوە. ئایا بەراستی ئەوە کاری ئەندامە کوردەکانی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی نیە کە بۆ جارێکیش بێ لە سەر ئەو خوێنە بە ناحەق ڕژاوانە وەجواب بێن**

عومەر باڵەکی

# ئەرکی نوێنەرە کوردەکان لە مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێران



عومەر باڵەکی

ئەگەر بمانهەوێ باس لە مەجلیسو پارلمان بکەینو بزانین چۆن پێک هاتوونو مەبەست لە پێک هێنانیان چ بووە کاریگەریان لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی چۆن و چەندە بووە پێویستمان بە لێکۆڵینەوەیەکی بەربەرین هەیە. چونکە مێژووی پێکهێنانی پارلمانو مەجلیسەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدەی بەر لە ئێستا. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا مەجلیسو پارلمانەکان بە پێی هەلومەرجی ئەورۆیی دروست بوونو پەرەیان گرتووە. لە سیستمی پارلمانی ئێستا دا یەکێک لە ئەرکەکانی پارلمان یاسا دانانە هەرچەند دەوڵەت واتە دەسەڵاتی بەرێوە بەریش دەتوانێ یاسا دابنێ بەڵام بە پاڵپشتی ئەو یاسایانە دەبێ کە لە پارلمان یا مەجلیس دەرچوون چونکە مەجلیس یان پارلمان چاوەدێری بەرێوەچوونی هەموو قانوونەکان دەکا کە لەلایان دەوڵەتەوە بەرێوە دەچن.

بە واتایەکی دیکە پارلمان هێزو دەسەڵاتی خۆی لە خەڵک وەردەگرێ هەر بۆیە دەتوانێ چاوەدێری دەزگای بەرێوەبەری وڵات «دەوڵەت»و دەزگای قەزایی بکا لەو چۆنیەتی بەرێوەبردنی قانوونەکانو لە ڕێگای بانگهێشت کردنیو وەزیرەکان بۆ پارلمان لێپرسینەوە لە کارو کردەوەکانیان بکاو بەپێکهێنانی کومیتەو کومیسیونی جۆراو جۆری لێکۆڵینەوەو کارو چالاکی دەوڵەت بێنێتە ژێر پرسیار. لە سەراسەری دنیادا پارلمانی جۆراوجۆر بە ناوی جیاواز لە یەکتری هەیە بەڵام، هەموویان لە یەک شت دا وەک یەک دەچن ئەوەش ئەوەیە کە بەهۆی خەڵکەوە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە ئەندامانی پارلمان هەڵدەبژێردرێن.

هەروەکی لە سەروە ئیشارەی پێکرا یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی پارلمان قانوون دانانە بەڵام ڕۆڵو نەقشی پارلمان لە هەروڵاتێک دا لە ئەوەندەدا خولاسە ناکرێتەوە. چونکە لە سەردەمی ئێستا دا پارلمان ناوەندی بنەڕەتی سیاسی هەر وڵاتیکە و بە پێی هەلو مەرجو پێویستی کۆمەڵگا یاساکان دەستکاری دەکاو یاسای نوێ دادەرێژێو پەسەندی دەکا بەڵام بێجگەلەوە بە چەندین ئەرکی دیکەش رادەگا وەک لێپرسینەوە لە دەوڵەت، کۆنترۆڵی بودجە، بینینی ڕۆڵی خەڵک ... هتد.

بەو پێشەکییە کورتە دەمانهەوێ باس لە ئەندامە کوردەکانی مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێران بکەین. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوار پارێزگای ورمێ، سنە، کرماشانو ئیلام پێک هاتوو پانتایەکی بەربەرینی جوغرافیایی لەخۆدەگرێ لە بواری حەشیمەتەوە دوای نەتەوەی فارسو تورک سێهەمین ڕادەی حەشیمەت لە ئێراندا پیک دێنێ. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەرکاتێک هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی مەجلیس شورای ئیسلامی کرابێ کەسانێک خۆیان دەستنیشان کردوە کە ببنە ئەندامی مەجلیسو بۆ ماوەی چوار ساڵ لەسەر کورسی نوێنەرایەتی شار یا حەوزەی هەڵبژاردنی شوێنی خۆیان لە مەجلیس دابنیشن.

لە ٢٩٠ کورسی مەجلیس کوردەکان لە نێوان ٣٠ هەتا ٣٥ کورسی بە پێی دابەش کردنی کورسییەکان بە سەر هەموو ئێراندا وەبەر کەوتووە ئەوە جیا لەو ناوچە کوردنشینانەیە کە بەفێڵو تەڵەکە لە کوردستان دابڕاونو خراونەتە سەر ناوچەی غەیرەکوردییەکان. بەو تێبینیانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد دەزانین کە نوێنەرانی کورد هەم لە کەمینە دانو هەم پرشو بڵاون هەر ئەوە وایکردوە لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا ئەو نوێنەرانە بێجگە لە فراکسیۆنی کورد لە مەجلیسی شەشەم نەیانتوانیوە بەو جۆرە کە خەڵک چاوەڕوانی لێیان هەیە ئەرکی نوێنەرایەتیی خۆیان بەجێ بگەیەنن. لێرەدایە کە دەبێ وەبیر ئەو ئەندام پارلمانانە بێنینەوە کە تەنیا دانیشتن لە مەجلیسو دەنگ دان بە پرۆژەیاسایەک کاری ئەوان نیەو دەبێ ئەو ڕاستییە لەبیر نەکەن پێش ئەوەی نوێنەری مەجلیس بنو کۆتو بەندی یاسایی و ئەمنیەتی لە دەستو پێی خۆیان بکەن نوێنەری ئەو کەسانەن کە دەنگیان پێ داونو لە بەرابەر دەنگی ئەو خەڵکە دا بەرپرسیارن.

بێجگە لە مافە سیاسییەکانی کورد، کۆمەڵە مەسەلەیەک کە پێوەندی هەیە بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوەو هێندێک بابەتیش هەن کە پێوەندیان بە هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردساتانەوە هەیەو لە سەر ئەندامە کوردەکانی مەجلیسی ئێرانە کە بەدوای ئەو بابەتو مەسەلانەدا برۆنو ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزنەوە بۆ ئەومەبەستە ئەوان دەتوانن لە دەریچەی یاساکانی ئێرانەوە واریدی ئەو وەدواکەوتنە بکەون. ئەسلەکانی ١٩/٨٤/ ٨٩/ ٩٠ لە یاسای بنەڕەتی ئێران دەتوانێ



پاڵپشتێکی یاسایی بن بۆ لێدوان و قسەکانیان لە ژووری مەجلیسو تەنانەت لەگەڵ ڕاگەیەنە گشتییەکان بۆ ڕۆشنگەری لەسەر هەموو ئەو بابەتانەی خەڵکی کوردستان چاوەڕوانیان لە نوێنەرانی مەجلیس هەیە. ڕەنگە بگوترێ ئەگەر نوێنەرانیش باسی هەموو ئەو هەوڵاوارد نو جیاکاریانە بکەن کە لەگەڵ خەڵکی کوردستان لەلایان ڕێژیمەوە لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردوودا کراوە هیچ سوودی نییە چونکە دەزگای حاکمە بە شێوەیەک نیە کە وەڵامی کەس بداتەوە. ئەوە دروستە بەڵام لە جێی خۆی دانیە چونکە هەر ئەو وەدەنگ هاتنە نوێنەرەکانی لە مەجلیسی شوڕای ئیسلامی نیشانەی بوونی کوردە وەک نەتەوەیەک لە ئێراندا کە لەسەر خاکی خۆی دەژێو داوای مافەکانی خۆی دەکا.

هەر وەکی پێشتر ئیشارەی پێکرا لە مەجلیسی شەشەم نوێنەرە کوردەکان فراکسیۆنی کوردییان لەمەجلیس ڕاگەیاندو ئەوە ئەگەر هیچ سوودی نەبووبێ ئەو سوودەی هەبووە کورد لە مەجلیس شورای ئیسلامی دیار بووو دەگوترا کە کورد ئەوەندە نوێنەرەی هەیە ئەوە هۆکارێک بوو بۆ ئەوە کە دەسەڵات نەتوانێ حاشا لە بوونی کورد بکاو بۆ تاوتوێ کردنی بەشێکی بەرچاو لەو بابەتانەی کە پێوەندییان بە کوردەوە بوو لە مەجلیسی ئێراندا ئادرەسو عینوانێکی سەرراست هەبوو بە ناوی فراکسیونی کورد هەر بۆیە دەبوایە لە هەر دەورەیەک لە مەجلیس نوێنەرانی کورد فراکسیونێکو کۆدەنگێکیان پێک هێنابایە. ڕەنگە بگوترێ خۆ زۆربەی ئەوانەی نوێنەری مەجلیسنو لەلایەن دەسەڵاتەوە دەستنیشان کراون چۆن دەتوانن ئەرکێکی لەو بابەتە وەئەستۆ بگرن؟ لە وڵامدا دەبێ وەبیر بێنینەوە کە هەم خاوەنی ئەو شێوە بیرکردنەوەو هەم ئەندامپارلمانەکان ڕۆڵەی ئەو خەڵکەن بۆیە ئەرکی هەردوو لایە کە زیاتر هەماهەنگ بنو لێک تێبگەن.

لەهەر دەورەیەک لە مەجلیس ئەگەر ئەندامە کوردەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی توانیان کۆدەنگی دروست بکەنو بەناوی فراکسیۆنێک هەوڵیان دا بە قازانجی خەڵکی کوردستان کاری دەستەجەمعی بکەن ئەوە کارێکی باشو جێگەی پشتگیرییەو خەڵکیش لە کاتی وادا دەبێ دەستخۆشییان لێبکەن، بەڵام ئەگەر ئەو هەوڵە نەدراوە وەک چەند دەورەی پێشووی مەجلیس ئەندامە کوردەکان هەروا پرشو بڵاو بوونو هەروەک ئێستا نەیانتوانیوە لەسەر بابەتەکانی ژیانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆدەنگ بن لەسەر خەڵک پێویستە لە کاتی هەڵبژاردنی داهاتوودا کەسی وا هەڵبژێرن کە بتوانن ئەو کۆدەنگییە کوردیە لە مەجلیسی ئێراندا دروست بکەن. ئەو کۆدەنگییە بۆچی پێویستە کە ئەو هەمووە باسی دەکەین لە حاڵێکدا سیستمی کۆماری ئیسلامی دەناسینو دەزانین بە چاوی ئەمنییەوە دەڕوانیتە کوردستانو بەربەست لە سەر ڕێگای زۆر کەسو لایەن درووست دەکاو تەنانەت مافی شاروەندی تاکەکانیش کە دەسەڵاتداران تەبلیغی پێوە دەکەن لە کوردستان ڕەچاو ناکرێو ناپارێزرێ. بەڵام ئەگەر ئەندامە کوردەکانی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی بە تاکوکۆ لە بەرامبەر ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێستیان هەبوایە ڕەنگە شێوەی بەرخوردی دەسەڵاتداران سەنگو سووکی تێدا کرابایەو بە شێوەیەکی دیکە بەرخوردیان بە مەسەلەو بابەتەکانی کوردستان کردبایە.

لێرەدا چەند نموونەیەک باس دەکەین کە نوێنەرە کوردەکانی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی دەیانتوانی لە سەری کۆدەنگ بنو لە بەرامبەر دەوڵەتو دەزگاکانی دیکەی ئیجراییو سیاسی هەڵوێست وەربگرنو پشتیوانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ لای خۆیان ڕاکێشن.

ـ سووتانی قوتابخانەیەک لە شیناوێو مردنی دوو کچی مێرمنداڵو سووتانی ٢٧ کچی مێرمنداڵی دیکە کە کارەساتی لێ کەوتۆتەوە بەڵام بە داخەوە نوێنەرە کوردەکان نەیانتوانی کۆ دەنگ بنو هەوڵ بدەن بیکەن بە دەستووری کاری مەجلیس بۆ لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە لە چۆنیەتی ڕووداوەکەو دەست نیشان کردنی تاوانبارو قەرەبوو کردنەوەو چارەسەر کردنی ئەو منداڵە سووتاوانە. یەکێک لەو کارانەی کە ئەندام پارلەمانەکان دەیانتوانی بیکەن لە ڕێگای سەرۆکایەتی پارلەمانەوە بانگهێشتی وەزیری پەروەردەو وەزیری بێهداشتی دەوڵەتی ئێران بۆ مەجلیس بووو داوای وەڵام دانەوەیان لێبکەنو ئەگەر سەرۆکایەتی مەجلیس بەهەر هۆکارێک خۆی لە بانگهێشتنی وەزیرەکان دەبوارد، لەسەر ئەندامە کوردەکان پارلەمان بوو کە لە ڕێگای ڕاگەیەنەگشتییەکانەوە خەڵکی ئێرانو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان لێ ئاگادار کردبایەوە.

ـ ڕۆژنیە هەواڵی کوشتنی کاسبکاری کورد لەسەر سنووری ئێران- عێراق- تورکیە بڵاو نەبێتەوەو بەڵام بەداخەوە هەر لە چوارچێوەی هەواڵدا دەمێنێتەوەو خوێنیانو ماڵیان بە تاڵان دەڕوا بێ ئەوەی کەس لێیان بپرسێتەوە. ئایا بەراستی ئەوە کاری ئەندامە کوردەکانی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی نیە کە بۆ جارێکیش بێ لە سەر ئەو خوێنە بە ناحەق ڕژاوانە وەجواب بێنو دەنگی ناڕەزایەتی هەڵبڕن؟ ئایا گەنجو لاوی کوردستان ئەگەر هەلی کاری هەبێ ڕوو لە کۆڵبەری دەکاو ئەگەر ناچار نەبێ بۆ برە سوودێکی مادیو ماڵی خۆی لە مەترسی داوێ. ئەی بۆ ئەندامە کوردەکانی پارلمانی ئێران هەوڵ نادەن هەلی کار بۆ ئەو گەنجو لاوانە دەستەبەر بکەن.

ـ مادە هۆشبەرەکان خەریکن گەنجو لاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنفال دەکەن لە ساڵانی ڕابردوودا لە هەموو ئێراندا کوردستان وەک نموونە باس دەکرا کە خەڵکی کوردستان دوورن لە مادە سڕکەرەکان و نەقش و ڕۆڵی ئەحزابی سیاسی کاریگەری بەرچاوی هەبوو لەسەر ڕێگری کردن پەرە گرتنی ئەو مادە هۆشبەرانە لە کوردستان دا. بەڵام بە داخەوە ئێستا دەبینین ئەو نەخۆشییە ڕووی لە کوردستان کردوەو ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ پەرە دەستێنێ بێ ئەوەی هیچ دەزگایەک هەبێ لێپرسینەوە بکاو تەنانەت ناوەندی دەرمانی وا هەبێ کە بتوانێ چارەسەری ئەو نەخۆشییە بکا. ئایا بە ڕاستی حەق وا نیە ئەندامە کوردەکانی مەجلیس ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن کە ئەو خەڵکەی ئەوان نوێنەرایەتیان دەکەن چۆنو لە چ ڕێگایەکەوە تووشی ئەو نەخۆشیە بەربڵاوەی مادە هۆشبەرەکان بوونو بۆ دەزگاکانی ئینتیزامیو ئەمنی نایانەوێ پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی مادە هۆشبەرەکان بکەن؟

ئەو چەند نموونەیە قەترەیەکن لە دەریایەک نەهامەتی دیکە کە لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردوودا ڕۆژانە خەڵکی کوردستان لە گەڵی ڕووبەڕوون. لێرەدایە کە ئەندامانی کوردی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی بۆ جارێکیش بێ چاویان بکەنەوەو ڕاستییەکان ببینو لە خۆیان بپرسن کە بۆچی لەسەر کورسی پارلمان دانیشتوونو تەنیا بە پاساوی ئەوە کە ئەوان لە بواری ڕێژەوە لە کەمینەدان خۆیان لە ئەرکو وەزیفەی کە خەڵک پێی سپاردوون دەدزنەوە کە ئەوە شتێکی دروست نیەو پێویستە لە نێو خۆیاندا کۆدەنگی دروست بکەنو لەهەمان حاڵدا هەوڵ بدەن ئەو کۆدەنگیە بگوازنەوە بۆ نێو ئەندام پارلمانی نەتەوەکانی دیکەی وەک تورک، عەرەبو بەلوچو... و لە کاتی پێویستدا پشتگیری لە داواکانی ئەو نوێنەرانە بکەن کە سەربە نەتەوەکانی دیکەن بۆ ئەوە بتوانن سرنجی ئەوانیش بۆ لای گیروگرفتەکانی کورد ڕابکێشنو لە دەنگی ئەوانیش بۆ پشتگیری خۆیان کەڵک وەربگرنو بەو جۆرە کۆ دەنگییەکی گەورە لە مەجلیسی ئێران بە سوودی ئەو نەتەوانە دروست دەبێ کە لە کەمینەدان.

**درێژەی:**

## پێوەندیی ئێرانو تورکیە، لە سایەی قەیرانی سووریەدا

سەردانی ئەردۆغان بۆ تاران و لە پێش ئەویشدا بەرپرسانی دیکەی تورکیە بۆ ئێران و بانگهێشتی ڕوحانی بۆ تورکیە جێگەی تێڕامانە. ئەگەرچی ئەردۆغان دوای گەڕانەوەی بۆ تورکیە ڕوانگەو سیاسەتە جیاوازەکانی تورکیە و ئێرانی لە ناوچەکەو بە تایبەت قەیرانی سووریەدا نەشاردەوە، بەڵام وێدەچێ لە سیاسەتی نوێی دوای کۆبوونەوەکانی ژنێڤدا، تورکەکان شیمانەی ئەوەشیان کردبێ کە ڕەنگە سیاسەتی ئەم وڵاتەش لە هەمبەر ئەسەددا گۆڕانی بەسەردابێ. هەر بۆیە وا زوو دەست بەکاربوون و نایانەوێ بەرژەوەندیی ئابووری خۆیان بە قوربانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەسەد بکەن کە چارەنووسیان زۆر ڕوون و دیار نییە. هەروەها ڕەنگە دەسەڵاتدارانی تورک بیانەوێ بە نزیکبوونەوەی زیاتر لە ئێران و پێدانی ئیمتیازی ئابووری یان یارمەتی کردنی ئەو وڵاتە بۆ بازدان بە سەر گەمارۆکاندا کە بەڕاستی ئێرانی تووشی کێشە کردووە بیانەوێ سەرکێشییەکانی پارتی کرێکارانیش هێندێک کۆنترۆڵ بکەن کە هەنووکە بە بەدەسەڵات گەیشتن لە پارچەی ڕۆژئاوا لە دۆخێکی سەقامگیرتر دایەو زیاتر لە جاران ململانێی دەوڵەتی تورکیە دەکا. سەبارەت بە گەلی کورد کە وێدەچێ ئەگەر بە گوێرەی ئوسولی و سیاسیانە لەم گۆڕان و گەمە نوێیانەدا دەور بگێڕێ، ئاسۆیەکی ڕوونی بۆ گەیشتن بە مافە پێشێلکراوەکانی بەدی بکا؛ کێشەکان زۆر ئاڵۆزن. ئەگەرچی هەنووکە ڕۆژاوای کوردستان سەرەڕای ئامادەیی هێزەکانی بەشار ئەسەد لەم پارچەیەی کوردستاندا لە لایەن «پەیەدە« وە بەڕێوە دەچێ، هێزەکانی ئەم پارتە نزیکە لە پارتی کرێکارانی کوردستان، تەناهی و ئاسایشی ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی بندەستی سووریە دەپارێزن، بەڵام نزیک بوونەوەی دوو دەسەڵاتی تورکیە و ئێران کە لە ڕابوردووی خۆیان دا لەکەی فرۆشتنی شۆڕشەکانی کوردیان لە پارچەکانی کوردستان بە نێوچاوانەوە هەیە، مەترسی لەباربردنی ئەم دەسەڵاتە لە ڕۆژئاوا و پێگەی پەکەکە لە دانوستانەکانی دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی تورکیەدا دەخەنە مەترسییەوە. لە لایەکیشەوە بە خۆگرتنەوەی دەسەڵات و هێزی سوپای ئەسەد لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی سووریەدا، پارت و لایەنە کوردییەکان، کە دەتوانن لە داهاتووو، چارەنووسی گەلی کورددا کاریگەر بن، دەبێ بیر لەوە بکەنەوە، یەکگرتووانەو، بە وەلانانی ئینتیما و بەرژەوەندیی حیزبی و بەشدارکردنی هەموو لایەنەکان لە بەڕێوەبردنی ڕۆژاوا، دەسەڵاتێکی سەقامگیرتر پیشان بدەن. چونکی نەک هەر سووریە، بەڵکوو تورکیەو ئێرانیش کە تا ئێستا چاویان بە هەرێمێکی کوردی لە باشوور هەڵنەهاتووە؛ چاوەڕوان ناکرێ ئیزن بدەن هەرێمێکی دیکەی کوردیش سەرهەڵێنێو ببێتە هۆی زیاتر بزواندنی کوردەکانی ئەو پارچانەی داگیریان کردووە.

لە جیهاندا زمانی جۆراوجۆر هەیە و بێ گۆمان بەشێک لەو زمانانە فێربوونیان بۆ خەڵک دژوارە و گەیشتن بە ئاستێک لەو زمانانە کە بتوانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ڕەوان بەو زمانە قسە بکەی، بنووسی‌و بیربکەیەوە زۆر دژوارترە. هونەری دایک لە گواستنەوەو فێرکردنی یەک زمان ئەو دژوارییانە کەم دەکاتەوە

ڕێبوار مەعروفزادە

بەدەیان ساڵە کە کوردەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە سەر بڕو ڕێگر دەناسرێن، دەیان ساڵە لە ناوەندی ئێران، کوردەکان وەک چەتە و خاڵی لە ئەرزشە مرۆییەکان دەناسێنرێن. بەڵام کاری مامۆستا محەممەد ئەو ڕاستییەی بۆ ئەوان ڕوونکردوە کە بەڵێ کوردەکان سەر نابڕن، کوردەکان سەریان دەتاشن بۆ ئەوەی سەری مرۆڤایەتی لە سەربێت.

ئاگری باڵەکی

# کورد سەری مرۆڤ نابڕێ...
# کورد سەری دەتاشێ، تا سەری مرۆڤایەتی بەرزبێت

## – لە پەراوێزی سەر تاشینی مامۆستایەکی مەریوانی، بۆ هاودەردی لەگەڵ قوتابیەکی خۆی کە نەخۆشییەکی تایبەتی هەیە





ئاگری باڵەکی

هەموو چیرۆکەکە لە گوندێکی ناوچەی مەریوانی ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێدەکات، چیرۆکێک کە خەیاڵ نیە و بەڵکو چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە، چیرۆکێک کە دڵ گەورەیی‌و خۆبەخشی مرۆڤێکی کورد دەگێڕێتەوە، ئازایەتی و بەخشیشی مرۆڤی کورد دێنێتە سەر لاپەرەی کتێب و ڕۆژنامەکان، چیرۆکێک کە لە سەرەدەمی ئێستادا باوەڕکردنی ئاسان نیە، لەسەر دەمێکدا کە مرۆڤەکان! لە پێناوی بیرو باوەردا، سەری یەک دەبڕن، یا خود یەکتر ئەشکەنجە دەکەن، سەری منداڵ دەبڕن و دەستڕێژی دەکەنەسەر، لەو کاتەی‌دا کە مرۆڤ و دڕندە هیچ سنورێکیان نامێنێ، ئەرزشە مرۆییەکان لە ناو دەچن، لە وەها سەردەمێک‌دا مرۆڤێکی کورد، مامۆستایەکی مرۆڤدۆست کارێکی ئینسانیی گەورە دەکا.

ئەو مرۆڤە گەروەیە کە ڕوکارێکی دیکەی لە گەورەیی مرۆڤی کورد بە جیهان ناساند مامۆستا «محەممەد عەلی محەممەدیان»ە کە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی «شێخ شەلتون»ە لە مەریوان، ئەو مامۆستایە بە هۆی ئەوەی کە یەکێک لە قوتابیەکانی بەناوی «ماهان» توشی نەخۆشییەک ببوو و مووی سەر و دەم چاوی وەری‌بوو، لەبەرامبەردا مامۆستای دڵ گەروە بۆ ئەوی کە «ماهان» هەست بە دڵتەنگی نەکا و خۆی دورە پەرێزنەگرێ لە قوتابییەکانی دیکەو لە قوتابخانە، هەربۆیە کارێکی گەروە دەکات. مووی سەری خۆی دەتاشێ و ئەو لە بەرامبەر ئەو کارەی خۆی‌دا دەڵێ: «خۆشحاڵم لەوەی بەو کارە، هەرچەندە بچوکە توانیومە کە روحیە و توانایی لە قوتابیەکەم دا بەهێز بکەم و ئەو بە چالاکی و فێربوونی زیاتر تەشویق بکەم».

ئەو کارەی مامۆستا محەممەد، گەروەیی وهەستی مرۆڤدۆستی کوردی نیشان دا، ئەو بە ناوەند نیشنەکانی گوت کە کورد سەر نابڕێ، بەڵکو کورد سەری دەتاشێ، کە سەری مرۆڤایەتی بەرز بێت، کوردەکان چەتە و ڕێگر نین، کوردەکان کار دەکەن بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان، کوردەکان ئێستاشی لەگەڵ بێت، بایەخە مرۆییەکان دەپارێزن‌و ڕێز بۆ مرۆڤ دادەنێن.

بەدەیان ساڵە کە کوردەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە سەر بڕو ڕێگر دەناسرێن، دەیان ساڵە لە ناوەندی ئێران، کوردەکان وەک چەتە و خاڵی لە ئەرزشە مرۆییەکان دەناسێنرێن. بەڵام کاری مامۆستا محەممەد ئەو ڕاستییەی بۆ ئەوان ڕوونکردوە کە بەڵێ کوردەکان سەر نابڕن، کوردەکان سەریان دەتاشن بۆ ئەوەی سەری مرۆڤایەتی لە سەربێت.

هەڵویستی ئەو مرۆڤە کورد بەرامبەر بەو قوتابیە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وایکرد کە هەڵوێستەکە سنوورەکانی بڕی و دەنگی ئەم هەڵوێستیە جوانە گەیشتە نێو کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکان و لە چەندین ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوایی دا ڕاپۆرت و هەواڵی لێ بڵاوکرایەوە.

بۆیە دەبێ هەموومان هەڵوێستی ئەو مامۆستا کوردە بەرز بنرخێنین و ئافەرینی بۆ بنێرین. ئەوەش وەبیر ناوەند نشینەکانی ئێران بێنینەوە کە (... کرد (کورد) سر نمیبرد ...سرش را میتراشد ، تا سر انسانیت بالا باشد).

# پەروەردە بە زمانی دایکی



ڕێبوار مەعروفزادە

ڕۆژی ٢١ فێبرییە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک ڕۆژی زمانی دایکی دیاریکراوە و ئەو ڕێکخراوە جەخت لە سەر «سیستمی پەروەردەی چەند زمانی» لە وڵاتانێک دەکاتەوە کە خاوەنی ئێتنیکی جۆراوجۆرن کە بە زمانی جیاواز قسە دەکەن. لە یاسای بنەڕەتی ئێرانیش دا لە ماددەی ١٥ دا جەخت لە سەر پەروەردە بە زمانی «ئەقوام»کراوەتەوە کە زمانی ئەوانیش لە ناوچەکانی خۆیان لە تەنیشت زمانی فارسی بخوێندرێ و کاری پێ بکرێ. هاتنەسەرکاری دەوڵەتی ڕووحانیش بابەتی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی ئێرانی زیاتر بەرجەستە کردۆتەوە. ڕووحانی لە پێش هەڵبژاردنەکان بەڵێنی جێبەجی کردنی ئەو مافەی دابوو و دواتریش عەلی یوونسی، ڕاوێژکاری سەرۆک کۆمار بۆ کاروباری «ئەقوام» و کەمینە ئایینییەکان، جەختی لە سەر پەروەردە بە زمانی ئێتنیکەکان کردەوە و باسی ڕاوێژکردن لەگەڵ وەزیری پەروەردە بۆ پێکهێنانی گرووپێکی کاری لەو پێوەندییەدا کرد. ئەو باس و هەواڵانە لەلایەک دژایەتی فەرهەنگستانی ئێران بە نیسبەت پەروەردە بە زمانی دایکی بۆ ئێتنیکەکانی ئێران لێکەوتەوە و لە لایەکی دیکە هەلوێستی فەرهەنگستانی فارسی نارەزایەتی چالاکانی مەدەنی و سیاسی نەتەوەکانی غەیرە فارسی ئێرانی لێکەوتەوە کە زۆرتر لە خانەی نارەزایەتی مەجازیدا بەدی کرا. لە ڕاستیدا تێگەیشتن لە گرینگی زمانی دایکی بەستێنی پاراستنی زمانی دایکیش دەرەخسێنێ.

### دایک و پەروەردە

ئەو سۆز و خۆشەویستییەی دایک بەنیسبەت منداڵەکەی هەیەتی وادەکا پرۆسەی فێربوونی زمان زۆر خێراتر و کاریگەرتر بەرەوپێش بچێ. لە جیهان‌دا زمانی جۆراوجۆر هەیە و بێ گۆمان بەشێک لەو زمانانە فێربوونیان بۆ خەڵک دژوارە و گەیشتن بە ئاستێک لەو زمانانە کە بتوانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ڕەوان بەو زمانە قسە بکەی، بنووسی‌و بیربکەیەوە زۆر دژوارترە. هونەری دایک لە گواستنەوەو فێرکردنی یەک زمان ئەو دژوارییانە کەم دەکاتەوە. بۆ فێربوونی زمان خەرجێکی زۆر دەکرێ و کتێب و شێوازی جۆراوجۆر تاقی دەکرێتەوە کە پرۆسەی فێربوونی ئەو زمانە ئاسان بکرێ و تامەزرۆیی بۆ فێربوونی زمانێک زیاد بکرێ. سۆز و خۆشەویستی دایکانە ئەو پرۆسەیە بە باشترین شیوە ئەنجام دەدا.

### توانایی یەک زمان

بەشێک لەو ڕەخنانەی لەمەر پەروەردە بە زمانی کوردی، تورکی، عەرەبی و ... باس دەکرێ ئەوەیە کە توانای ئەو زمانانە لە بەشی زانستی‌دا لاوازە و زمانی فارسی تواناییەکی زیاتری هەیە. توانای یەک زمان ئاکامی بەکارهێنان و کار کردن بەو زمانەیە. بۆ نموونە تورکی کە لە ئێران بە زمانێکی لاواز لەقەڵەم دەدرێ لە تورکیە وانەی پێ دەوترێتەوە و ڕۆژنامە و گۆڤاری سیاسی وزانستی لەو وڵاتە دەردەچێ‌و پارڵمانی ئەو وڵاتە کار بەو زمانە دەکا. زمانی عەرەبیش کە جێگەو پێگەیەکی زمانەوانی، پێگەیەکی پیرۆزیشی بۆ موسلمانان هەیە میلیۆنها خەڵک لە وڵاتانی عەرەبی کاری پێ دەکەن و دەرسی پێ دەخوێنن. لە هەرێمی کوردستانیش لە پارڵمان و قۆتابخانە و زانکۆکان، زمانی کوردی بەکاردێنن و لەو ساڵانەی دواییدا کتێبێکی زۆر لە زمانەکانی دیکە بە تایبەتی لە زمانی ئەنگلیسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێردراوە و توانای زمانی کوردییش گەشەی کردوە. ڕەنگە زمانێک بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە زمانێکی دیکە ئاسانتر بێ و یاسا و ڕێسای سەرڕاستری هەبێ بەڵام هەموو زمانێک توانای گەشەکردنی هەیە و مرۆڤەکان دەتوانن گەشە بەو زمانە بدەن. هەر زمانێک لە پرۆسەی کارپێکردن‌دا توانای گەشەکردنی هەیە.

### سیستمی پەروەردەی چەند زمانی و تەناهی یەک وڵات

ئاخۆ سیستمی پەروەردەی چەند زمانی ئەمنییەتی یەک وڵات دەخاتە مەترسییەوە؟ بۆ وڵام دانەوە بەو پرسیارە بە گۆنجاوی دەزانم ئاماژە بە بەشێک لە قسەکانی موهەندیس ئەدەب لە وتووێژێکی لەگەڵ ڕادیۆ دویچە وێلە دا کە هەر بە بۆنەی زمانی دایکی ئەنجام دراوە بکەم. موهەندیس ئەدەب دەڵێ «ئێمە دەبینین کە لە وڵاتێکی بچووک وەک سویس خەڵک بە چوار زمانی ئیتالیایی، ئینگلیسی، فەرانسە و ئالمانی قسە دەکەن بەڵام سویس یەکگرتوو ماوەتەوە. یاسایەک لە فیزیک دا هەیە کە هەر کردەوەیەک، کاردانەوەیەک بە دوای خۆی‌دا دێنێ. کاتێک لە وڵاتێک‌دا ڕێز بۆ کولتووری جۆراوجۆر دادەنرێ، خەڵک ڕازین و لە تەنیشت یەکتر ژیان دەکەن بەڵام کاتێک دەسەڵاتێک و هێزێکی دەوڵەتی نکۆڵی لە شۆناسی ئەوان دەکا، پەرچەکردار دێتەئاراوە. با وڵاتی کانادا وەک نموونە بێنینەوە. ئاخۆ ئەو گەنجانەی لە کوبێکی کانادا دەژین و زمانی فەرانسەویان هەیە ناتوانن لە زانکۆ بریتیش کۆلۆمبیای کانادا بخوێنن و کار بکەن؟ ئەوانە ڕێگری یەکتر نین. لە وڵاتی ئێمە هاوکات زمانی ئینگلیسی و عەرەبیش دەکوترێتەوە بەڵام بۆ دەبێ زمانی کوردی یان زمانەکانی دیکە پشتگوێ بخرێ. ئەوە مافی هەر مرۆڤێکە کە کولتووری خۆی بپارێزێ. دیارترین تایبەتمەندی هەر ئێتنیک و نەتەوەیەکیش زمانی ئەو نەتەوەیە.»

### ڕەهەندێکی دێمۆکراسیش ئەوەیە

ڕێز لە فرەچەشنی زمانی و کولتووری بگیردرێ و ئێنتنیک و گرووپگەلی جۆراوجۆر دەرەتانی گەشەکردنیان بۆ برەخسێ. بێ گومان بەکارنەهێنانی زمانێک لە قۆتابخانە، گۆڤار و میدیاکان لە گرینگی یەک زمان و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو زمانەش کەم دەکاتەوە. ئەو گرووپە کە زمانەکەی پەراوێزخراوە هەست بەوە دەکا کە سیستمی دەوڵەتی و یاسایی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوەشی دابەزاندوە. بۆ نموونە هەر لە فارسی قسە کردنی کوردەکان و تورکەکان جۆکێکی زۆر دروست کراوە و کوردەکان و تورکەکان بوونەتە مایەی گاڵتەجاری. ئەوە لە حالێکدایە کە کوردەکان و فارسەکان ڕەنگە فارسی بە باشی فارسێک قسە نەکەن بەڵام زۆربەی ئەوان زیاتر لە یەک زمان دەزانن.

### زمان و ئابووری

مەسەلەی زمان ڕەهەندێکی ئابووریشی هەیە. ئەو پرۆگرامانەی لە تەلەڤیزیۆنەکانی ئێران دروست دەکرێ خەرجی بۆ دەکرێ. وەزارەتی پەروەردە مامۆستایەکی زۆر بۆ وتنەوەی زمانی فارسی دابین دەکا و ساڵانە کتابێکی زۆر بە زمانی فارسی چاپ دەکرێ. ئەگەر پەروەردە بە زمانی دایکی بۆ نەتەوەکانی دیکەی ئێران دابین بکرێ، ئەوە پێویستی بە تەرخانکردنی بوودجە، چاپکردنی کتێب و دابین کردنی ماموستا هەیە تەنانەت ئەگەر هەر بەرادەی زمانی ئینگلیسی لە دەورانی سەرەتایی و ناوەندی و هتد بایەخی پێ بدرێ. لە ڕاستی‌دا زمانێک دەبێ پشتوانەی ماددی و ئابووریشی لە پشت بێ. ناوەندێتی زمانی فارسی لە سیستمی پەروەردە و یاسایی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێگەخۆشکەری ناوەندێتی کۆمەڵاییەتی و ئابووری فارسەکانیش بووە.

### زمان و جیهانبینی

هەر زمانێک هەڵگری جیهانبینییەکی تایبەت بۆمرۆڤ و ژیان و ژینگەیە. بۆ نموونە لە زمانی عەرەبی‌دا هەر کات بێتهەوێ کەسی بەرامبەرت یان کەسێک کە لەوێ نییە بانگ بکەی یان بینووسی دەبێ دیاریی بکەی کە ئەو کەسە پیاوە یان

ل ٩

خاتەمی بە بەرزکردنەوەی دروشمی «وتووێژی شارستانییەتەکان»، سەرنجی وڵاتان و کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بۆ جارێکی دیکە بەرەو لای ئێران ڕاکێشایەوە، و بەڵام هەر لەم سەردەمەدا شاهیدی زنجیرە کوشتارێکی سیاسی دەبین کە دواتر بە «قەتڵە زنجیرەییەکان» ناوی دەرکرد. لەم پێوەندییە کۆمەڵێک لە سیما ناسراوە سیاسییەکانی وەک داریوشو پەروانە فرووهەر گیانیان لێ ئەسێندرا.

هوشەنگ قادری

# ئاوڕێکی کورت لە قۆناخەکانی ژیانی کۆماری ئیسلامی



هوشەنگ قادری

٣٥ ساڵ بە سەر ئەو شۆرشە تێپەر بووە کە گەلانی ئێران بۆ وەدەست هێنانی ئازادی ومافەنەتەوایەتیەکانیان بۆی هاتنە سەرشەقام و بە خۆراگری و یەکیەتی سەرەنجام توانیان دەسەڵاتی پاشایەتی تێک بڕووخێنن و دەسەڵاتێکی دیموکراتیک و خەڵکی بێننەدی. بەڵام مخابن ئاکامی هەوڵەکانی خەڵکانی ئێران، هاتنەسەرکاری دەسەڵاتێک بوو کە خەڵک تا ئێستاش لۆمەی خۆیان دەکەن. ئیسلامییەکان بە ڕێبەری ئایەتوڵلا خومەینی ئەودەرفەتەیان قۆستەوە و بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی ئایینیی خەڵک توانیان سواری شەپۆڵەکانی شۆرش بن و دەست بەسەر ئەو شۆرشەدا بگرن.

٣٥ ساڵ دەسەڵاتداری رژیمی کۆماری ئیسلامی دەکرێ بە چووار قۆناغدا دەبەش بکرێت.

### قۆناغی یەکەم:
### دەورانی شەر

تازە بە دەسەڵاتگەیشتوانی کۆماری ئیسڵامی هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیان گەلانی ئێرانیان بەرەو شەرێکی ماڵوێرانکەر کە لەگەڵ وڵاتی عێراق بوو برد کە لە ئەنجامدا زیاتر لە یەک میلیۆن ئینسان لەو شەرەداگیانیان لەدەست داو لەباری ئابوورییەوە وڵاتی بۆ چەند دەیەی دیکەش گەراندەوە دواوە. ئەوەی سوودی لەم شەرانە دەبرد تەنیا تازە بەدەسەڵات گەیشتوەکانی تاران بوون تا بەو شێوە هەم سەرەنجی هەموو خەڵکی ئێران بۆئەوە رابکێشن کە لە ئێستادا دەبێ متمانەیان پێبکەن تا وڵات لە بەرامبەر هێرشی بێگانە بپارێزن و هەمیش بە دروشمی « شەڕ بەرەکەتی خودایە» لە درێژەدانی ئەو شەرە بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەراستیدا جێگەو پێگەو دەسەڵاتی خۆیان سەقامگیر کرد.

لەم نزیک بە یەک دەیەیەدا دەسەڵاتدارانی سەرمەستی دەسەڵات کە هاتنە سەرکاریان خاڵی لە هەر جۆرە پشتیوانییەکی خەڵکی و ئەمەش نادێموکراتیک و نارەوابوونی ئەو دەسەڵاتەی نیشان دەدا، دوای خواردنەوەی جامی زەهر لەلایەن خومەینیەوە بەوپەڕی دڕندەییەوە کەوتنە گیانی بەرەی ئازادیخواز و ماف ویست. هێرشی خوێناویی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بۆ سەر خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی رەواو مافخوازانەی خەڵکی ئێران و ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسیی لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی نموونەی بەرچاوی ئەم ئێدیعایەن.

### قۆناغی دووهەم:
### سازەندگی

دوابەدوای شەری ماڵوێرانکەرانەی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراق، ئێران لە باری خزمەتگوزاریو پێشکەوتنی ئابووری لە پاشەکشەدا بوو. هەر ئەمەش بوو بە هۆکار تا هاشمی رەفسەنجانی بە دروشمی «سازندەگی»یەوە بێتە مەیدان و هەوڵی پێراگەیشتن بە ژیان و گوزەرانی خەڵکو سارێژکردنەوەی برینەکانی دەورانی شەڕ بەرز بکاتەوە. دەوڵەتی رەفسەنجانی سەرەڕای دروشمەکانی بۆ چارەسەری بێکاری و هەژاری لە وڵات نەک بە هێزی خەڵکو کەڵک وەرگرتن لە کەرتی تایبەت، بەڵکوو بە پشت بەستن بە نیزامیی کردنی یەکە ئابوورییەکان، توانی لە کورتخایەن دا هێندێک «سازەندەگی» بکات. هەر ئەمەش بەس بوو تا بە بڕیارێکی «شوورای ئینقلاب» باڵی مافیایی ڕێژیم، واتە سپای پاسداران بە مەبەستی دەستبەسەردا گرتنی بەشێک لە ئابووریی وڵات بیر لە دروستکردنی دامەزراوەیەکی پووشِشی بە ناوی «قەرارگای خاتم الانبیا» بکاتەوە کە ئەم ناوەندە لە ماوەیەکی زۆر کورت دا توانی دەست بە سەر هەموو بازارە ئابوورییەکانی ناوخۆی ئێران‌دا بگرێت و هەموو پرۆژە گەورەکانی وەک جادەسازی، تونێل سازی، شارێکانی بەینی شاری، پرۆژەکانی گازیو پێترۆشیمی خستە ژێر چاودێری خۆیەوە کە تا ئێستاش ئابووری ئێران بە رووخسارێکی نیزامییەوە بەرێوە دەچیو ئەوە فەرماندەرانی سپای پاسادارانن کە لە جێی کارناسانی ئابووری بڕیار بۆ سیستمی ئابووری وڵات دەدەن.

هەر لەدەورانی رەفسەنجانیدا ڕێژیمی کۆماری ئێسلامی بۆ پێوەندی دیپلۆماسی دەستی بۆ لای وڵاتانی رۆژئاوایی راکێشاو هەر لەو سەردەمەدا بوو کە رەفسەنجانی بە سەردانی لە وڵاتانی ناوچەکەو بەشداری کردنی لە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان هەوڵی دەدا رووخسارێکی ئاشتیخوازانە لە ڕێژیمەکەی نیشان بدات.

بەڵام ئەم دەمامکە زۆری نەخایەند و ڕێژیم هەر زوو ماهییەت و ناوەرۆکی خۆی بە دنیا نیشان دایەوە. تێرۆری دژبەرانی سیاسیی لە دەرەوەی وڵات لە درێژەی پیلانێکی سیستماتیک‌دا هەر زوو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هێنایەوە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕێژیم ئیستعدای خۆ گۆرینی نیەو ئامادە نیە دژبەرانی خۆی قبووڵ بکات. هەر لە یەکەم مانگەکانی بە سەرکۆماربوونی هاشمی رەفسەنجانی لە کۆتایی دەیەی ٦٠ و سەرەتاکانی دەیە ٧٠ دا بە دەیان کەسایەتی سیاسیی و ئازادیخوازی سەرانسەری ئێران کەوتنە بەر ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسڵامی کە تێرۆری هەردوو سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، شەهیدا ن دوکتور قاسملوو و دوکتوور شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان نموونەی بەرچاوی ئەم قوربانیانەن.

### قۆناغی سێهەم:
### ئیسلاحات یان ڕیفۆرمخوازان

دوای تێپەر بوونی دوو قۆناغ و بەتایبەتی کە هەر لە ڕۆژانی سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی ڕێژیم باڵەکانی نزیک لە خامنەای و رەفسەنجانی زۆر بەخێرایی کەسانی بە نفووزی میانەڕەوی نیزام و خوازیارانی کۆتایی هێنان بە شەڕیان لە دەسەڵات دوور خستەوەو و بەشێکیان خانەنشین کردن و بەردەوام هەوڵ دەدرا کەمتر لە دەسەڵات‌دا بن، بەڵام هەڵبژاردنەکانی خولی حەوتەمی سەرکۆماری زۆر شتی گۆڕی. ئەمجارەیان بە خواستی باڵە توونددئاژۆکانی نێو دەسەڵات نەبوو. لە هەڵبژاردنی خولەکانی حەوتەم و هەشتەمی سەرکۆماری دا بە هاتنە سەرکاری سەید محەممەد خاتەمی، میانەرەوانی سەر بە نیزامی کۆماری ئیسلامی بە بەرزکردنەوەی دروشمی ڕێفۆرم، توانیان خۆ نیشان بدەن بە گشتی هاوکێشە سیاسی و ئیدارییەکانی گۆڕی.

لە سەردەمی سەرۆک کۆماری خاتمی‌دا سەرەرای دژایەتیی سەرسەختانەی باڵی پاوانخواز، دیسان وردە گۆرانکارێک چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە ئاستی دەرەوەش‌دا هاتە ئاراوە. لە سەردەمی ئیسلاحات‌دا چالاکی مەدەنی، خوێندکاری، ژنان و رۆژنامەنووسان لە ئێران تا رادەیەک مەجاڵیان بۆ خولقا.

بووژانەوەی چالاکیی رۆژنامەوانی و دەرچوونی گۆڤارو رۆژنامەی جۆراوجۆر، پێکهاتنیNGOو رێکخراوە ناحکوومییەکان، رێکخراوەکانی ژنان، ئەنجومەنە ئەدەبییەکان، ژینگە پارێزی و هەتادوایی ... دەکرێ بە بەرهەمی ئەم دەورانە دا بنێین.

هەر لەم پێوەندییەدا لە کوردستانیش چالاکانی مەدەنی، رۆژنامەنووسان و ئەدیبان توانیان دەرفەتەکە بقۆزنەوە و بەردی بناغەی خەباتی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بونیاد بنێن.

خاتەمی بە بەرزکردنەوەی دروشمی «وتووێژی شارستانییەتەکان»، سەرنجی وڵاتان و کۆڕۆ کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بۆ جارێکی دیکە بەرەو لای ئێران راکێشایەوە، و بەڵام هەر لەم سەردەمەدا شاهیدی زنجیرە کوشتارێکی سیاسی دەبین کە دواتر بە «قەتڵە زنجیرەییەکان» ناوی دەرکرد. لەم پێوەندییە کۆمەڵێک لە سیما ناسراوە سیاسییەکانی وەک داریوش‌و پەروانە فرووهەر گیانیان لێ ئەسێندرا کە دواتر ناوەندە قەزاییەکانی ڕێژیم رایانگەیاند کە کاری گرووپە «سەرەرۆیە»کان بوو.

### قۆناغی چوارەم :
### ئوسوڵگەراکان

بەهاری ساڵی ١٣٨٤ بە پشتیوانی راستەوخۆی ڕێبەری ڕێژیم عەلی خامنەیی‌و سپای پاسداران، مەحموودی ئەحمەدینژاد لە خولی نۆهەمی سەرکۆماری‌دا سەرکەوتنی وەدەسهێناو بوو بە سەرکۆماری ئێران.

بە هاتنە سەر کاری ئەحمەدینژاد، باڵە توندرەوەکانی نێو نیزام گیانیان وەبەرهاتەوە. ئەو نیمچە فەزا کراوەیەش کە لە ماوەی ٨ ساڵەی دەورانی ئیسلاحات دا هاتبووە گۆڕێ هەر زۆر بە خێرایی داخرا. رۆژنامەکان، دامەزراوە مەدەنییەکان داخران و خوێندکارانی گۆڕانخوازو شوناسخواز ئەستێرەدار کران.

لە سەر ئاستی سیاسەتی خاریجی و پێوەندییەکانی ئێران لە گەڵ دنیا دەرەوەدا، هەر زۆر بەخێرایی ئەحمەدینژاد نیشانی دا کە کەسێکی شەڕاژۆ و قەیران خولقێنە. «وتوێژی شارستانییەتەکان» جێی خۆی گۆڕی بە زیندوو کردنەوەی قەزییەی هۆلۆکاستو ئەوە ئێران بوو کە لەم سەردەمەدا پەیتاپەیتا بڕیارنامەیی جۆراوجۆری بە دژ دەردەکرا. پرسی ناوکیی بوو بە هەوێنی بەردەوامیی گەمارۆ خستنە سەر ئێران و گوشار بۆ سەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی وڵات.

خەڵک لە دەرفەتێک دەگەڕان بۆ ئەوەیکە کۆتایی بەم وەزعە بێنن. خولی دەیەمی سەرکۆماری باشترین دەرفەت بوو. بۆ ئەم دەورەیە لە نێو بەربژێرانی سەرکۆماری دا دووکەسیان جیاواز لەوانی دیکە بوون. ئەوان هاتبوون بۆ ئەوەی وەک خەڵک داوایان دەکرد کۆتایی بە دەسەڵات و ئەقڵییەتی ئەحمەدینژادی بێنن.

مووسەوی‌و کەڕوبی بە لێدوان و خستنەرووی بەرنامەو ئیدەکانیان، خەڵکیان لە دەوری خۆیان کۆکردەوە. دوای ئەوەیکە کودەتا لە دەنگی خەڵک کراو دەنگەکانی مووسەوی، کاندیدیی هەڵبژێراوی خەڵکیان بۆ ئەحمەدینژاد دزی. بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بەم فێڵە مێژووییە خەڵکی ئازادیخوازی ئێران رژانە سەر شەقامەکان و داوای دەنگەکانیان کردەوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئایا هاوکاریی بەرچاوی ریفۆرمخوازان بۆ هاتنەسەرکاری حەسەن رووحانی و دەست بەکار بوونی «دەوڵەتی ئومید و ئێعتداڵ» دەتوانێ کە قۆناغێکی نوێ بێ بۆ کاری رێکخراوە مەدەنییەکان‌و بە دەست بەکار بوونەوەی رۆژنامەکان‌و چالاکییە سیاسییەکان بێتە ئەژمار؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ چاوەروان بین بزانین!!



---

درێژەی:

## پەروەردە بە زمانی دایکی

ئافرەت. ئەوە لە حالێک دایە لە زمانی کوردی کەسی سێهەم یان کەسی دووهەم(ئەو کەسەی لەوێ ئامادە نییە و ئەو کەسەی بەرامبەرتە) بۆ پیاو و ئافرەت هەر یەکە. هو(سێهەم کەسی پیاو) : ئەو هی(سێهەم کەسی ئافرەت) : ئەو- أنت (دووهەم کەسی پیاو) : تۆ أنت(دووهەم کەسی ئافرەت) : ئەو. لە راستی‌دا جیاکاری رەگەزی لە نێو زمانی عەرەبیدا زۆر بەهێزە بە بەراورد لەگەڵ زمانی کوردی.

ئەگەر بمانهەوێ نموونەیەکی دیکە لە پێوەندی نێوان زمان و جیهانبینی یەک نەتەوە بێنینەوە دەبێ بەراوردی زمانی کوردی و فارسی بکەین. لە نێو کوردی‌دا ناوەکانی چیا، هەڵۆ، هەڵگورد، کوێستان، سروشت، ڕوبار، کانی، بەیان و ... ناوی کوروکچی کوردن و لە راستی‌دا ناوی مرۆڤی کوردن. ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کەجۆری پێوەندی کورد لەگەڵ ژینگەکەی و شێوازی ژیانی کورد لە ناودانانی منداڵەکانی رەنگی داوەتەوە. ئەگەر هەر ئەو ناوانە بۆ سەر زمانی وەرگێرین مانا و قورسایی خۆیان لە دەست دەدەن. بۆ نموونە چیا بە فارسی دەبێ بە «کوە» یان کوێستان دەبێ بە «کوهستان» بەڵام پێوەندی زمانی فارسی و لە راستی‌دا نەتەوەی فارس لەگەڵ سروشت و ژینگە پێوەندییەکی جیاوازە. دەکرێ ئاماژە بە کۆمەڵێک ناوی دیکەش بکەین کە ئەوانیش زمانحاڵی مێژووی کوردن. بۆ نموونە ناوگەلێک وەک شۆڕش، هەڵمەت، هێرش، بڕیار، خەبات و هتد. ئەو ناوانە لە دوای بە سەرهات و بەرهەمهاتنی مێژوویەک لە نێو نەتەوەی کورددا برەویان پەیدا کردوە و ئاماژە بەوە دەکەن کە مێژووی خەباتی کورد تاڕادەیەک پیوانە بووە لەبەر ئەوەی زۆربەی وشەکانی پێوەندیدار بە شۆڕش بوونەتە ناوی کورانی کورد.

### جێخستنی ئەقڵانییەتی

پەروەردەی چەند زمانی پێویستی بە کاری زانستی، پشتوانەی ئابووری، دیمۆکراسی و کاری درێژخایەن هەیە. فێرکردنی منداڵان بە قسەکردن، خوێندنەوە و نووسینی زمانی دایکی خۆیان لە بنەماڵە دەتوانێ یەکێک لەو ڕێگەچارانە بێ کە کاریگەری سیستمی پەروەردەی یەک زمانی تاڕادەیەک کەم بکرێتەوە. دانینی زانینی زیاتریش لە ڕێگەی میدیاکان لە پێوەندی لەگەڵ سوودەکانی خوێندن بە زمانی دایکی و سیستمی پەروەردەی چەند زمانی دەتوانێ گۆشاری مەدەنی و جەماوەری زیاتر ڕووبەڕوی دەوڵەت بکاتەوە.

سەرچاوەکان :
۱.اهمیت زبان مادری در چیست؟، رادیو دویچه وله
۲.نگاهی به مخالفت غیر قانونی فرهنگستان ادب فارسی با اموزش زبانهای محلی، وبنوشت عبدالعزیز مولودی

١٠

کوردستان

ژمارە: ٦٢٦

٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٢

١٩ی فێوریەی ٢٠١٤

هزر


## سەردانی شاندێکی بزووتنەوەی چاکسازی کوردی سووریە لە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

سووریە و نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێردا گرینگترین پرسە سیاسییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات و خۆراوای کوردستان تاوتوێ کران. ڕۆژی چوارشەممە، ١٦ی ڕێبەندان شاندێکی بزووتنەوەی چاکسازیی کوردی سووریە پێکهاتوو لە حواس عەگید و جدعان علی سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە هەولێریان کرد. لە هەموو دیدارەکان‌دا کاک ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبو حەسن کاکیلی، کادری پێوەندییەکانی پێشوازی لە هەیئەتاکان کراوە و لایەنەکان پێداگرییان لە سەر یەکریزی، هاوکاریو هاوهەڵوێستیی هێزەسیاسییەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان کردەوە کە دەستەبەری وەدیهێنانی زیاتری مافە نەتەوەییو دێمۆکراتیکەکانی گەلی کورد دەکا.

# پێویستیی فەلسەفەی سیاسی لەچی‌دایە؟

**بەشی دووهەم**

**نووسەر: دەیڤید میلر**

**و: مادح ئەحمەدی**

ئەو روانگەیە کە پێی وایە ئەوە قەدەر و چارەنووسە دیاری دەکا و ئێمە هەلی هەڵبژاردنی سیاسیی راستەقینەمان نییە، لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا بە شێوازی جۆراوجۆر سەریهەڵداوە. لە سەردەمێکدا کە لۆرنتستتی وێنە دیوارییەکانی دەکێشا، زۆر کەس پێیوابوو کە مێژوو سەردەمێکە دووپات دەبێتەوە: حکوومەتی باش ناتوانێ بەردەوام بێ و بە تێپەڕ بوونی کات بە ناچار تووشی گەندەڵی دەبێ، ستەمکاریی لێدەکەوێتەوە، و تەنیا بە لەسەرخۆیی و بە تێپەڕ کردنی قۆناغە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە سەر هەمان شێوازە باشەکەی کە لە سەرەتاوە هەیبوو. لە سەردەمەکانی دیکەدا ـ بەشێوەیەکی دیارتر لە هەموویان سەدەی ١٩ ـ ئەو باوەڕی کە زاڵ بوو، پێشکەوتنی مێژوو بوو: مێژوو لە سەر هێڵێکی راستەوخۆی ناشارستانیەتی سەرەتایی تا قۆناغە باڵاکانی شارستانیەت دەڕوا. بەڵام دیسان لەم بۆچوونەشدا ئاماژەی بۆ دەکرێ کە شێوەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاکان گرێدراوی کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتییە کە ئەو هۆکارانە لە دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤەکاندان. کاریگەرترین شێوازی ئەم باوەڕ مارکسیزم بوو کە دەوترا پێکهێنانی کۆمەڵگاکان لە ئاکامدا گرێدراوی شێوەی بەرهەمهێنانی بەرهەمە ماددییەکان، تێکنۆلۆژیای باو و سیستمی هەڵبژێراوی ئابوورییە لەو کۆمەڵگایانەدا. مارکسیزم پێیوابوو سیاسەت بەشێکە لە بنیاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگا و پەیڕەوی لە ویستەکانی شێوەی زاڵبوونی بەرهەمهێنان دەکات. بە پێی بۆچوونی مارکس دەوڵەت لە کۆمەڵگای سەرمایەدارییدا بە ناچار لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی چینی بورژوا دایە و لە کۆمەڵگای سوسیالیستیدا دەوڵەت لە حزمەت بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار دا دەبێ و ئەوپەڕی لە سەردەمی کۆمۆنیزمدا، دەوڵەت بەتەواوەتی نامێنێ. لەم چوارچێوەیەدا قسەکردن لە سەر باشترین شێوەی حکوومەت بێ کەڵکە: چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە ئەستۆی مێژوودایە.

سەیر لەوە دایە کارنامەی کردەی خودی مارکسیزم پێمان دەڵێ کە ئەمجۆرە زۆرداریەتییە لە کوێدا کێشەی هەیە. شۆڕشی سوسیالیستی لە ژێر کاریگەریی هزرەکانی مارکسیزم‌دا لە ژمارەیەک لە وڵاتان سەریان هەڵدا کە بە پێی تیۆریی مارکس لە بنەڕەت‌دا نەدەبوو لەو وڵاتانەدا شۆڕش رووی بدایە. ئەم شۆڕشانە لە چەند کۆمەڵگایەکی وەک چین و رووسیا روویان دا کە لە روانگەی ئابووریناسانەوە ئەو وڵاتانە تاڕادەیەک گەشەیان کردبوو، بۆیە هەلومەرجێکی گونجاو بۆ ئەوەی لە بواری بەرهەمهێنان‌دا شێوەی سوسیالیستی لەو وڵاتانەدا رەچاو بکرێ، نەڕەخسابوو. هەر لەو سەردەمەدا لە هەندێ لەو کۆمەڵگا بورژوازییانەدا کە گەشەی زیاتریان کردبوو، حکوومەتگەلێکی تاڕادەیەک دیموکراتیک هاتنە سەر کار ـ ئەو شتەی کە مارکس بە هۆی ناوەرۆکی چینایەتی ئەو وڵاتانەوە، پێیوابوو قەت ڕوونادات ـ و ژمارەیەکی دیکەی ئەو وڵاتانە تووشی حکوومەتی فاشیستی هاتن. لێرەدا دەرکەوت کە سیاسەت تا ڕادەیەکی زۆر لە ئابووری و بەشێوەیەکی گشتیتر لە گەشەی کۆمەڵایەتی جیایە. ئەمەش بەو مانایە کە هێشتا خەڵک هەلی ئەوەیان لە بەردەمدایە کە بۆ خۆیان بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆیان بدەن، نەتەنیا لەمەڕ شێوازی حکوومەت، بەڵکوو لە ئاستێکی بەرفراوانتری کۆمەڵگایەکدا کە پێکدێنێ: لەمەڕ ئەوە کە دەبێ دەوڵەتی تاک حیزبیان هەبێ، یان دیموکراسییەکی لیبراڵ لەگەڵ هەڵبژاردنی ئازاد؟ ئایا ئابووری دەبێ بە پێی پلان چڕبێتەوە یان بە پێی بازاری ئازاد؟ ئەمانە کۆمەڵێک لەو پرسیارانەن کە فەیلەسووفانی سیاسی هەوڵدەدەن وڵامیان بدەنەوە و ئەم پرسیارانە جارێکی دیکە هاتنە گۆڕێ.

ئەگەرچی ئەوەی لە سەدەی بیستەمدا رووی دا کۆتایی بەو قە د ە ر گە ر ێتییە ( د ێتێر مینیز م ) مێژووییە هێنا کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا زاڵ بوو، بەڵام وردە وردە کە گەیشتینە سەدەی بیست و یەکەم شێوەیەکی نوێ لە قەدەرگەرێتی سەری هەڵدا. ئەم قەدەرگەرێتییە نوێیە لە ژێرکاریگەری گەشەی جۆرێک لە ئابووریی جیهانی نوێ و ئەو باوەڕە دابوو کە ئەگەر دەوڵەتان بیانەوێ، خەڵکەکانیان لە قازانجەکانی ئەم ئابوورییە نوێیە سوودمەند بن، ئەوا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گۆڕەپانی کردەوەیان بەرتەسک دەبێتەوە. هەر دەوڵەتێک بیهەوێ کۆڵبدات بە پێداویستییەکانی بازاڕ، تووشی وەستانی ئابووری دەبێ. ئەو وڵاتانەش کە رەنگە بیانتوانیبایە لە ململانێی جیهانی نوێ‌دا سەرکەون، تەنیا لیبراڵ دیموکراسییەکان بوون. بەم پێیە ئەگەرچی ئەو هەلە لە بەردەم وڵاتان‌دا بوو کە حکوومەتی جیا لە دیموکراسیی لیبراڵیان هەبێ ـ بۆ وێنە ڕێژیمی ئیسلامییان هەبێ ـ بەڵام ئەو تێچوانەی کە کۆمەڵگایەک بۆ ئەم کارە پێویست بوو بیدا، دابەزینی ڕێژەیی ئابووری بوو: ئەو تێچوانەی کە پێناچێ هیچ کۆمەڵگایەک ئامادە بێ کە بیدا. ئەمە هەمان تێزی بە ناو«کۆتایی مێژوو». ە و کاکڵەی قسەکەی ئەوەیە کە هێزە ئابوورییەکان هەموو کۆمەڵگاکان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەبەن کە شێوازی حکومەتەکانیان کەم تا کورت وەک یەک بچێ.

گومان لەوەدا نیە کە ئەو رووداوانەی لە جیهان‌دا روو دەدەن، ئەمجۆرە قەدەرگەرێتییەش وەک پێشینیان پووچەڵ دەکەنەوە. ئێستاش دەتوانین بیبینین کە بزووتنەوە سیاسییەکان بەرەنگاری پرۆژەی بەجیهانیبوون بوونەتەوە. ئەو بزووتنەوانەی کە بەرامبەر بە ژینگە، کاریگەریی بازاڕە جیهانییەکان لە سەر وڵاتانی لە قۆناحی گەشەدا، یان یەکدەستکردنی ئاستی چۆنایەتیی کولتووری جیهانی نیگەرانن. ئەم بزووتنەوانە دژی ئەم بۆچوونانە وەستانەوە کە پێیانوابوو گەشەی ئابووری بەرزترین ئامانجە و لەم بارەوە ئەو پرسیارانەیان هێنا ئاراوە کە بایەخی کۆتایی ژیان چییە و چۆن دەتوانی ئەم بایەخە وەدەست بێنی. ئەم پرسیارانە هەمان پرسیارە تەوەرییەکانی فەلسەفەی سیاسین. تەنانەت ئەگەر خۆشمان بەو بابەتە سەرەکییانەوە ببەستینەوە کە لە مشتومڕە سیاسییەکان‌دا گەنگەشەیان لەسەر دەکرێ، دیسان چوارچێوەی ئەم باسە لەسەر ئەوە کە چەندە دەتوانین ئازادیی ئابووری بکەینە قوربانی بۆ بەرابەریی زیاتر فراوانتر دەبێ، یان چەندە دەتوانین ئازادییە تایبەتییەکان بۆ بەهێز کردنی هاوپێوەندیی کۆمەڵایەتی سنووردار بکەینەوە؟ ئەمڕۆ کە ئەم بابەتە دەنووسین، باسێکی گەرموگوڕ لەمەڕ تیرۆریزم، مافی تاکەکان و ئەو بنەمایە کە شێوازی حکوومەتی وڵاتانی دیکە هەرچی بێ ئێمە ناتوانین لە کاروباری نێوخۆیی ئەوانەدا دەستێوەردان بکەین لە ئارادایە. ئەمانەش کۆمەڵە بابەتێکن کە دەبێ بە کۆ لە سەریان بڕیار بدرێ. دیارە بابەتی سەرەکیی فەلسەفەی سیاسیشن.

تا ئێرە دەمویست ئەوە بسەلمێنم کە فەلسەفەی سیاسی خۆی بە کۆمەڵە بابەتێکەوە خەریک دەکا کە بۆ ژیانی هەموومان گرنگە و خۆشی بەو بابەتانەوە سەرقاڵ دەکا کە لە لای بابەتی هەڵبژاردن‌دا، بۆ ئێمە واقیعی سیاسین. ئێستا دەمەوێ بەدوای هۆکاری دیکەدا بگەڕێم کە دەستەیەک بۆ دورخستنەوەی تەواوەتی فەلسەفەی سیاسی دەستەوداوێنی دەبن، واتە ئەو دەستەی کە پێیانوایە سیاسەت واتە کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵات و کەسە دەسەڵاتدارەکان ـ بە تایبەت سیاسەتوانان ـ هیچ گرنگی بە فەلسەفەی سیاسی نادەن. بە پێی ئەم شێوە بیرکردنەوەیە، ئەگەر دەتانەوێ شتێک بگۆڕن دەبێ بچنە سەر شەقام، خۆپێشاندان بکەن و ئاژاوە بنێنەوە، یان رەنگە بە پێچەوانەوە، سیاسەتوانێک بدۆزنەوە و بەرتیلی پێبدەن یان باجی لێ بستێنن، نا ئەوە کە سەری خۆتان بە خوێندنەوەی چەند نامیلکەیەکی پڕ هەراوهوریا لەمەڕ کۆمەڵگای باش کە هیچ کەسیش نایانخوێنێتەوە، بهێننە ئێش.




دیارە ئەوە راستە کە هەر کات فەیلەسووفانی سیاسی هەوڵیانداوە راستەوخۆ دەست لە ژیان وەربدەن، زۆرتر کارێکیان بۆ نەکراوە. ئەوانە کۆمەڵە پەندێکیان بە دەسەڵاتداران دا. ئەرەستو مامۆستای ئێسکەندەری مەزن بوو، ماکیاڤیلی راوێژی دەدا بە بنەماڵەی مدیچی لە فلۆرانس و کاترینی مەزن دیدرۆی بانگ کرد بۆ سن پێتێرز بۆرگ، تا رێگایەکی بۆ مۆدێڕنیزەکردنی روسیا نیشان بدا ـ بەڵام ئەوە کە ئەم دەستێوەردانانە بەکەڵک بوون یا نا، باسێکی دیکەیە. ئەو نامیلکانەی کە لە رۆژگاری ململانێیە توندە سیاسییەکان‌دا نووسراون، تەنیا بوونەتە هۆی زیاتر تووڕەبوونی هەر دوو لایەنی ململانێیەکە. نموونەی دیاری ئەم کارەش «لڤیاتان»ی «تۆماس هۆبز». ە. لڤیاتان شاکارێکی فەلسەفەی سیاسییە و لە رۆژگارێک‌دا نووسراوە کە هێشتا ئاگری شەڕی ناوخۆ لە بەریتانیا بڵێسەدار بوو. بەڵگەهێنانەوەکانی هۆبز بۆ داکۆکی لە حکوومەتی رەها، نە لایەنگرانی سیستمی پاشایەتی پێیانخۆش بوو و نە لایەنگرانی سیستمی پارلەمانی. لایەنگرانی سیستمی پاشایەتی پێیانوابوو کە پاشاکان لە لایەن خوداوە بۆ دەسەڵاتداریێتی دانراون. لایەنگرانی سیستمی پارلەمانی پێیانوابوو کە رەوایی حکوومەت بەستراوەتەوە بە رەزامەندیی هاووڵاتیانەوە. وێنەی لێڵ و ناڕوونی هۆبز لەمەڕ دۆخی مرۆڤایەتی ئەوی بەو ئاکامە گەیاند کە ئێمە دەبێ بە بێ لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندییەکانی پەیڕەوی لە دەسەڵاتێکی سەقامگرتوو و کارامە بکەین. دەرکەوتە سروشتییەکەی بۆچوونەکەی هۆبز دەبووە ئەوە کە «چارلزی یەکەم» هەتا کاتێک لە دەسەڵاتدا بوو، مافی حوکمڕانی هەبووە، بەڵام «کرامۆل»یش دوای ئەوە کە توانی چارلز بڕوخێنێ، دەیتوانی هەمان مافی هەبێ. ئەم وتە لە لایەن هیچکام لە دوو لایەنی کێشەکەوە وەرنەدەگیرا.

نموونەی هۆبز دەتوانێ تا ڕادەیەک ئەوەمان بۆ روون بکاتەوە کە بۆ فەیلەسووفانی سیاسی قەت نەیانتوانیوە کاریگەری راستەوخۆیان لە سەر رووداوە سیاسییەکان هەبێ. ئەوان بەو بۆنەوە کە لە روانگەیەکی فەلسەفییەوە چاو لە سیاسەت دەکەن، ناچارن کە رەخنە لە زۆربەی باوەڕە باوەکانی سیاسەتوانان و بەگشتی خەڵک بگرن. فەیلەسووفانی سیاسی لەو باوەڕانە دەکۆڵنەوە و پرسیار دەکەن کە مەبەست لە فڵان قسە بە وردی چییە، چ بەڵگەیەک بۆ ئەم بانگەشەیە هەیە، ئەگەر کەسێک رەخنە لەم بۆچوونە بگرێ، بە چ شێوەیەک دەبێ پاساوی بۆ بێنێتەوە. یەکێک لە ئاکامەکانی ئەم بەدواداچوونە وردە ئەوەیە کە کاتێک فەیلەسووفانی سیاسی بۆچوون و پێشنیازەکانی خۆیان دەخەنە ڕوو، ئەم بۆچوونانە لای ئەو کەسانەی کە زیاتر راهاتوون بەو باوەڕانەی باون، سەرسوڕهێنەر و ناخۆشە. بۆچوونەکانی هۆبزیش ئەم کاریگەری لە سەر هەر دوو لایەنی شەڕی ناوخۆی بەریتانیا هەبوو.

بەڵام ئەم بابەتە نەبۆتە کۆسپ لە بەردەم ئەوە کە فەلسەفەی سیاسی لە رەوتی زەمەن‌دا کاریگەریی هەبێ، واتە کاریگەرییەک کە دواتر زۆر بەرچاوە. کاتێ بیر لە سیاسەت دەکەینەوە کۆمەڵێک ئەرکمان لە ئەستۆدایە کە زۆرتر ئاگاداریان نین ـ کۆمەڵە ئەرکێکی شاراوە کە لە هەر لایەکەوە لە ماوەی مێژوودا لە ریشەوە دەگۆڕدرێن. بۆ وێنە کاتێک هۆبز کتێبەکەی دەنووسی، پشت ئەستوور بوون بە بنەما ئاینییەکان و بە تایبەت سەرچاوەبوونی ئینجیل لە باسە سیاسییەکان‌دا باو بوو. یەکێک لە میراتە نەمرەکانی هۆبز ئەوە بوو کە ئەو هەلەی بۆ بیرکردنەوە لەمەڕ سیاسەت لە فەزایەکی بەتەواوەتی سکۆلاردا پێکهێنا. ئەگەرچی خودی هۆبز زۆر نیگەرانی پرسیارە دینیەکان بوو، بەڵام تێڕوانینی بەتەواوەتی نوێ ئەو بەرامبەر بە دەسەڵاتدارێتی سیاسیی ئەو دەرفەتەی بۆ جیا کردنەوەی سیاسەت و ئایین دروست کرد و بووە هۆی ئەوەی بە پێوەری جیا لە سەر سیاسەت و ئایین قسە بکرێ. یا وای دابنێن لە سەردەمی هۆبزدا گرووپێکی رادیکاڵی بیرتەسک، دیموکراسییان وەک شێوەی باوی حکوومەت زانیبایە (لە ڕاستیدا خودی هۆبز دیموکراسی بەتەواوەتی رەت نەدەکردەوە، بەڵام پێیوایە بەگشتی خراپترە لە حکوومەتی پاشایەتی). دیارە ئەمڕۆ دیموکراسی بۆ ئێمە بە شێوەیەک بۆتە بابەتێکی بەڵگەنەویست کە ئەستەمە بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن جۆرێکی دیکەی حکوومەت دەتوانێ رەوایی پێبدرێ؟ ئەم گۆڕانکارییە چۆن رووی داوە؟ سەربردەی ئەم گۆڕانکارییە، سەربردەیەکی ئاڵۆزە، بەڵام ئەوەی روونە ئەو دەستە لە فەیلەسووفان کە بە لایەنگری لە دێموکراسی قسەیان دەکرد، ئەو فەیلەسوفانەی کە ئەندێشەکانیان ناسراوە، برەوی پەیدا کردوە و جێگای رەوتی سەرەکیی سیاسەتی گرتۆتەوە، رۆڵێگی گرنگیان لەم پرۆسەیەدا گێڕا. رەنگە ناسراوترینیشیان «ژان ژاک رۆسۆ» بێ کە کاریگەرییەکانی لە سەر شۆڕشی فەرەنسا بە کتێبی «گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان» نکۆڵی لێ‌ناکرێ. (لانیکەم تۆماس کارلایل لەم رووەوە هیچ گومانی نەبوو. ئەیژن کاتێک لەمەڕ گرنگیی بەکارهێنانی ئەندێشە دەرهەستەکان پرسیاریان لە کارلایل کرد، وڵامی دایەوە: «رۆژگارێک پیاوێک بە ناوی رۆسۆ هەبوو، کتێبێکی نووسی کە جگە لە [ئەندێشە دەرهەستەکان] هیچ دیکەی تێدا نەبوو. چاپی دووهەمی ئەم کتێبەیان بە پێستی ئەوانەی کە بە چاپی یەکەمی پێدەکەنین، بەرگ گرت.»)

هیچ کەسێک نەیدەتوانی پێشەکی بێژێ کە ئایا فڵانە بەرهەم لە ئەندێشەی سیاسی‌دا بە قەدەر لڤیاتان ی هۆبز، یان گرێبەستی کۆمەڵایەتی ی رۆسۆ، یان مانیفێستی کۆمۆنیست ی مارکس و ئێنگڵس کاریگەر دەبێ یا نا. ئەم کاریگەری دانانە بە تەواوەتی بەوەوە بەستراوەتەوە کە ئەو گۆڕانکارییە فیکرییەی کە فەیلسووفەکان پێشنیاری دەکەن ئەوەندە لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان بگونجێ کە ئەم ئەندێشە نوێیانە ببنە ئەندێشە سروشتییەکانی نەوەی دواتر. پاشماوەی ئەو بەرهەمانەی کە لەمەڕ فەلسەفەی سیاسین و تا ڕادەیەک سەرکەتوو بوون، ئەگەر چاو لێبکەین دەبینین بە بێ ئەوەی شوێن پێیان بمێنێتەوە، نەماون. بەڵام پێویستیی فەلسەفەی سیاسی پێویستییەکی بەردەوامە، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە لەگەڵ کۆمەڵە بابەتێکی سیاسی نوێ بەرەوڕوو دەبینەوە کە بە پێی تێگەیشتنی سیاسی باوی رۆژ ناتوانین چارەسەریان بکەین. لە وەها رۆژگارێک‌دا دەبێ قووڵتر بینەوە، بگەینە بنەڕەتی باوەڕە سیاسییەکانمان و لێرەدایە کە دەگەینە فەلسەفەی سیاسی. دیارە بەو مانایە نیە کە بەپێی پێویست گەیشتووین بە سەرچاوەکەی، بەڵکوو واتە رەنگدانەوەی هەبووە لە سەر نامیلکە سیاسییەکان، گۆڤارەکان، رۆژنامەکان و...هتد. هەموو فەیلەسووفە سیاسییە سەرکەوتووەکان پشت ئەستوور بوون بەو لایەنگرانەیان کە دەستیان لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوەو پرۆپاگەندەدا رۆیشتووە.

**سەرچاوە:**


**میلر، دیوید، فلسفەی سیاسی، مترجم: بهمن دارلشفایی، نشر ماهی، چاپ دوم، سال ١٣٩٠.**

ژمارە: ٦٢٦
٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٢
١٩ی فێوریەی ٢٠١٤

# ٣٥ساڵەی کۆمار ئیسلامی ئێران و،کۆمەڵگەی کڵۆڵی هونەرمەندان!



عەلی لەیلاخ

ئەم ڕێبەندانە ٣٥ ساڵ بەرسەر سیستمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دەگوزەرێتو جێگەی خۆیەتی کە ئاورێکی خێرا لە روخساری تەماویی هونەرو دۆخی نالەباری ڕێبوارانی ئەم بوارە بدەینەوە.

پرسیاری سەرەکیی ئەوەیە بەدوای تێپەڕبوونی ٣٥ساڵ بەسەر دەسەڵاتی کوماری ئیسلامی پێگەی هونەر بەگشتی لە کۆمەڵگەی ئێران لە چ ئاستێک دایە؟ ئایا کەرامەتی هونەرمەندان و نووسەران وزەحمەت کێشانی ئەم بوارە وەک ئەوەی کە شیاوی ئەوان بێ پارێزراوە؟ ئایا ڕەهەندە هونەرییەکان لەم ماوەدا گەشەی ئەستاندووە یان دەسەڵات بە پێی ویستی سیاسەتی خۆی کەڵکی لە هونەر وەرگرتووە وخستوویەتی ژێر رکێف و پاونخوازی خۆیەوە؟

بەدوای شۆرشی گەلانی ئێران لە دژی دەسەڵاتی پەهلەویی‌و سەرکەوتنی ئەم شۆرشە هێندەی نەخایاند کە لایەنی تئوکرات لە ژێر ناوی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی گوماناویی دەستی بەسەر ئەم سەرکەوتنە داگرت وتاقە حیزب و جەریانێکی بە ناوی «جمهوری ئیسلامی» بە ڕەسمی ناساندو هەرزۆر کەوتە سرینەوەو وەلا بردنی سەرجەم ئەو ڕێکخراوانەی کە لەم شۆرشە بەشدار بوون! هەر ئەمە زەنگی خەتەر بوو لەسەر کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی‌و بەتایبەتی لەسەر کۆمەڵگەی جیابیران و ڕووناکبیران‌و هونەرمەندان، چۆنکە بە پێی پێڕۆ و پروگرامی کۆماری ئیسلامی کە خۆی بە نوینەری خودا دەزانی هەرچەشنە نارەزایەتی یانێ دژایەتی کردن لە گەڵ حکوومەتی(الهی)و تاوانی لەم چەشنە دەچێتە نێو خانەی (مفسدفی ارض)و



ئەوەش ئاکامی دەبوو بە ئێعدام و زیندان و دوورخستنەوە.

سروشتی دەسەڵاتە نارەواکان بە گشتی وایە کە لە روانگەی چەقبەستووی خۆیانەوە سیاسەت دەکەن‌و بۆ سرینەوەی ئەوانەی کە هاودەنگ‌وگوێ بیستی خواست و ویستی ئەوان نین دەستە بەندی (خودی وغیرە خودی) دەست پێدەکات و ماشینی دیکتاتوری وەگەڕ دەخرێت و هەرچەشنە هەڵویستێک لەم بارەوە بە مەترسیدار دەزانن. کۆماری ئیسلامی ئێرانیش باش دەیزانی کە ئەگەر لە بەرانبەرکاریگەریی هونەر و ئەدەبیات ڕانەوەستێ و یان هژمۆنی خۆی دانەسەپێنێ، دەسەڵاتەکەی ئەوەندە ناخایەنێت و تووشی قەیرانی جیددی دەبێت. هەر بۆیە لە یەکەم ڕۆژانی بە دەسەڵات گەیشتنی ئەم بیرۆکە لە ئێران دا، توێژی هونەرمەندان و نووسەران کەوتنە بەر پەلاماری هەمەلایەنە و زیندان و ئێعدام خەت و نیشانی سیاسی خۆی کێشاو بە راشکاوانە دژایەتی لەگەڵ توێژەجۆراوجۆرەکانی دەست پێکرد.

ئەگەر ئەم وتە لە بەرچاو بگرین کە «هونەر لە بنەڕەتدا دژ بە دەسەڵاتە و دیکتاتۆرییە»، زۆر ئاساییە کە دەسەڵاتی تازەپێگەیشتووی ئێران لە ساڵی ٥٧ زەبروزەخت بخاتەسەر ئەم بوارە هەستیارە و ببێتە هۆی ئازار و ئەشکەنجەی هۆگرانی راستەقینەی ئەم ڕەهەندە جوان وناسکە. هەر بۆیە بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی چالاکانی بورای هونەر وئەدەبیات بوون بە دوو دەستە.

دەستەیەک کە لەبەر گوشاری سیاسی بەرەبەرە خاک و زیدی خۆیانیان بە جێهشت وبوون بە تاراوگەنشین.

دەستەیەکی‌تر کە لە ناخۆی وڵات مانەوە. بێ‌شک دوور کەوتنەوە لە وڵات بۆ هەرکەسێک دەردێکی ناخۆش و پرمەینەتە، بەڵام لێرە دەمهەوێ سەرنجی زیاتر بدەین بە هەلومەرجی ئەوانەی وا لە ناخۆی وڵات مانەوەو لە ژێر سایەی دیکتاتوریەت درێژەیان بە کاری هونەری خۆیان داوە. لە نێو ئەم دەستەیە چەند کەس ناسرواترو بە ئەزموون تربوون کەسانێک وەکوو شاملوو، ئەخەوان سالیس و ....دەیان کەسی دیکە ئەگەرچی مانەوە بەڵام هەتاکوو مەرگ هەر لە پەراوێز دا ژیان.

هەڵگیرسانی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عیراق بیانووێکی چاکی دا بەدەستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکەوت وکپ کردنی ڕەنگ و دەنگی هونەری ڕاستەقینە. تەنیا ئەو بەشە لە نووسەران وهونەرمەندان مەجالی دەرکەوتن و بڵاوکردنەوەی ئاسەواری خۆیان هەبووکە دەبوا هونەرەکەیان لە خزمەتی ریکلام وپروپاگەندە بۆ ڕژیم و بانگەشەی شەڕی نەخوازراو بکات. کۆماری ئیسلامی بە ئەنقەسەت درێژەی بەو شەڕە ماڵوێرانکەرە دا هەتا لەسایەی کەش و هەوای شەڕ هەم نەیارانی سیاسی خوی لە ناو ببات هەمیش بە داهێنانی سیاسییانەی چەمکی «دفاع مقدس» هەموو ڕەهەندەکانی هونەر بخاتە ژێر فشاری ئەم بژارە، بۆ نموونە «ادبیات دفاع مقدس،سینمای دفاع مقدس، موسیقی دفاع مقدس» کە هەر کام لە مانە دوای شەڕیش سێبەریان هەر بەسەر سینەماو ئەدەبیات و موسیقی‌دا هەرمابوو و تا ئێستاش درێژەی هەیە.

بە زۆرەملی ئەدەبیاتی «دفاع مقدس»، ئەو بەرهەمانە ئیزنی چاپیان وەردەگرت کە نە تەنیا رەخنە لەشەڕو نەهامەتییەکانی نەگرێت، بەڵکوو دەبێ شەڕی ئەوان پیرۆزو ڕەوا و بەرحەق نیشان بدات!

هەروەها سینەمای ئێران بەتەواوەتی چووە خانەی خزمەت بە بیرۆکەی شیعە میحوەرو خەڵک فریودەری حاکمییەت. ئەم ڕەوتە سینەماییە ئەوەندەی خایاند هەتا لەسەروبەندی دەوڵەتی چاکسازیی وەزیری فەرهەنگ و ئێرشادی ئەوکات «مهاجرانی» لەم بارەوە وەدەنگ هات وگوتی: «تاکەی چەواشەکاری؟ئەگەر ئێمە بەوجۆرە کە لە سینەمای دیفاعی موقەدەس نمایش دەدرێ لە شەڕ ئازابواین وگیانباز! ئەی بۆ ئەم شەڕە ٨ساڵی خایاند؟» هەر لە ژێر هژمۆنی سانسۆری دەسەڵاتداران زۆرێک لە هونەرمەندانی بواری سینەما نەیانتوانی بە پێی ویستی هونەریی خۆیان هونەرەکەیان بنوینن.

لەئاستی موسیقیش کە بە «حەرام» ناوبردنی ئەم هونەرە، هەر لەسەرەتا هونەرمەندان‌و ژەنیارانی مۆسیقا یا لە سووچی ماڵی خۆیان زیندانی کران و حەسرەتی نواندنی هونەرەکەیان لەسەر دڵ مایەوە یان کەمترین دەرفەتیان پێدرا، چونکە هەتا ئەم دواییانە تەنانەت نیشان دانی هەرجورە ئامێرێکی مۆسیقایی لە تەلەفیزیون قەدەغە بوو.

خاڵی جێگەی سەرنجتر لەم بارەوە ئەوەیە کە ئەم گوشارە بۆ سەر هونەرمەندانی نەتەوەکانی دیکە بەتایبەت کورد دووچەندان بوو، چونکە گەشەی هونەری کوردی هەستی



نەتەوەیی زیندوو دەکردەوەو ئەمیش مەترسی بۆ سەر حاکمیەت هەبوو. هەربۆیە دەنگ و رەنگی هونەرمەندان و نووسەرانی کورد بەگشتی کپ کرایەوەو یان دەبوا لە خزمەتی بەرژەوەندی سیاسی دەسەڵاتدا بن. دوو هۆکاری سەرەکیی واتە نەبوونی(پشتیوانی ماڵی‌و دەوڵەتی لەگەڵ سانسۆرێکی هەمەلایەنە) رەوتی گەشەی ئەدەب و هونەری لە باری چاپ و بەرهەم هێنان لە کوردستان تووشی بەربەست و لاوازی کردووە. زۆرن ئەوگەنجانەی کە خاوەنی هونەرێکی تایبەتن بەڵام بەداخەوە ئیزنی خۆنیشاندانیان نابێ و تووشی خەمۆکی و دەیان گرفتی دیکە دەبن. بە دەیان هونەرمەندی هەڵکەوتوو لەبەر تەنگەژەی ژیان و پەیدا کردنی بژێوی بنەماڵەکەیان، یان بە ناچار دەستییان لە کاروچالاکی هونەریی کێشاوە یان هونەرەکەیان هەرزانتر لە نرخی خۆی فرۆشتووە.

بەدوای ٣٥ساڵ لە هاتنەسەرکاری هاتنی کۆماری ئیسلامی بەهۆی بەرێوەبردنی سیاسەتی دژە هونەری وفەرهەنگی و داسپاندنی بیرۆکەی ئایینی، هونەرمەندانی ژنیش زیاتر لە پیاوان لەم بارەوە خەساریان لێکەوتووە، بۆنموونە بڕیارە بەلەبەرچاو گرتنی هێندێک تێبینی ئایینی ئیزن بدرێت کە ژنان بتوانن دوای ٣٥ساڵ لە کۆنسێرتی موسیقی بە تەنیا ئاواز بخوێنن، ئەمە خۆی ئێعترافێکە بە سووکایەتی کردنی چەندین ساڵەی ئەم نیزامە بە کەسایەتی ژنان و هونەرمەندانی ژن.

بەداخەوە کارنامەی سێ دەیەو نیوی کۆماری ئیسلامی لە باری هونەر وفەرهەنگەوە پڕە لە خاڵی ڕەش وناحەز. هیوادارین لەمەو بەدوا لە وڵاتەکەماندا «هونەرمەندو ژیانی خۆش مەحاڵ» نەبێ‌و هیچ هونەرمەندێکیش کەسایەتی خۆی و هونەرەکەی بە هەرزان نەفرۆشێت!

---

هەڵەپچینی

# هەڵەی مریشکی ئێمە و بەزمی قەلی هەندەران



مستەفا شێخە

ئەم خەڵکە هەمیشە خەریکی هەڵە چاندنە. نەک بڵێی هەر لەم کوردستانەی خۆمان، خەڵکی هەموو دنیا وان. کەسان یان تاقم و گروپ‌و ڕێکخراو و حیزب‌و میزب و دەوڵەت و مەوڵەتی وا هەن کە هەمیشە خەریکی هەڵە چاندنن. جاری واشە هەڵەکان لە دەست پیاوی گەورەوە دەقەومێن.

ڕەنگە بێژن پیاوی گەورە چۆنە و تۆ بڵێی چەند کیلۆ لە پیاوی ئاسایی قورستر بێت. ئەگەر بمەوێ هەڵە نەچێنم و راستی بڵێم، پیاوی وایە قورساییەکەی تەنیا ٤٥ کیلۆ دەبێت، بەڵام گەورەیە. دەڵێن پیاوێک کاتی مردنی کێشی تەرمەکەی ٤٥ کیلۆ بوو، بەڵام قورسایی ئەو کتێبانەی نووسیبوونی، لە ٤٧ کیلۆ تێدەپەڕی. پیاوی گەورەی واش هەیە، کێشی خۆی لە سەت کیلۆ تێدەپەڕێت‌و هەر خۆی گەورەیەو هیچی دیکە.

ئەوە دەمویست باسی ئەم ئۆبامایەی خۆمان بکەم، بۆیە کەوتمە بیری پیاوی گەورە. ئۆباما بۆیە گەورەیە، چونکە خەڵکێکی تێکەڵ‌و پێکەڵ‌و سەیرو سەمەرەی وەک خەڵکی ئەمریکا دەنگی پێداوەو کردوویانەتە سەرۆک کۆمار. بۆیە دەڵێم ئۆبامای خۆمان، چونکە لەلایەک حوسێن‌زادەیە و ڕەچەڵەکەی حوسێنیش دەگەڕێتەوە ئەم دەشتی کەربەلایەی لای خۆمان و لەلایکی دیکەشەوە ڕەشەو بۆنی خۆشە. ئەم کابرا بۆن‌خۆشە وەک کەڵی مەیدانی شەڕەکەڵی سەردەمی ساڵانی پێشووی ناوچەی چۆمی مەجیدخان و شامات و شارویران چۆکی لەبەرانبەر مەجلیس‌و ریش چەرمگەکانی دەستەڵاتی وڵاتەکەی داداوە و خەریکە رجووع دەبێتەوە لای هینەکەی خۆمان‌و هەرچی تەحریم و مەحریم و سزا و مزای بۆ لای هینەکەی ئێمەی دادەنێن، بەرەنگاری دەبێتەوە.

لە دەرفەتێکی کورت‌دا لەناو ئەم بابەتە کورتەدا جارێکی دیکە داوای لێبوردن لە ژنان دەکەم کە ناچار بووم بە هەڵە وشەی تێکەڵاوی «گەورەپیاو» بێنمە سەر پەنجەکانم. بۆیە دەڵێم پەنجەکانم، چونکە پەنجە و کیبۆردی ئێستا لە دەست و قەڵەم لەپێشترە.

زۆر بیرم کردەوە وشەی گەورە ژنم نەبیستبوو. پێم خۆش نەبوو باسی سەرەژنیش بکەم. دیارە ناوهێنان لە سەرەژن ڕەنگ بوو بەرەو ئەڵمانیای سەرەژنی ناودار «ئانگێلا مێرکێل»م ببات و لە بابەتە سەرەکیەکە دوورم کاتەوە کە بەتەمام باسی قەلی ئەمریکا و مریشکی خۆمان بکەم. دیارە لەناو مرۆڤەکان‌دا وشەی گەورە کچیش وەک گەورە پیاو گەورەیە. ئەگەر ناوی گەورەکچیشم هێنابایە ڕەنگبوو لە بابەتەکە لابدەم و بڵێم: ئۆخەی گەورە کچ کۆڵوانە لە کۆڵ/ ئاسکە باریکەی شاخ و هەرد و دۆڵ.

هەر لەم بگرە و بەردەیەی ناو مێشکم‌دا بەسەر پرسیارێکی سەیر داکەوتم. تۆبڵێی ئەم هەموو میللەتانەی لە سەرانسەری ئەم گۆخرەی زەویەوە لە ئەمریکا کۆبوونەتەوە بۆچی دەتوانن بە هەموویانەوە لەسەر هەڵبژاردنی گەورە پیاوێک بۆ خۆیان ڕێکبکەون و ئێمەش وەک میللەتێک کە سەدان و هەزاران ساڵە لێرووکانە دەژین، نەمانتوانیوە گەورە پیاوێک بۆ خۆمان هەڵبژێرین؟

ڕەنگە هەر خەتای ئەوە بێت، ئەوان قەلیان هەیە و ئێمەش خاوەنی شەشدانگی قاچ و قول و باڵ و تەتک و سینگ و مل و سیکەتۆرەی مریشکین. لەم سەرو بەندانەدا بوو قەلێکی ئەوان و مریشکێکی ئێمە هەر یەکەیان بە جیا راپرسییەکیان ئەنجام دا.

ئەنجامی راپرسییەکەی ئەوان ئەوە بوو کە چارەگێکی دانیشتووانی ئەمریکا نازانن گۆی زەوی بەدوری خۆردا دەسووڕێتەوە. ئەم راپرسیە لەناو قوتابیانی ئەمریکادا ئەنجام دراوە. لەمەیانەوە دەردەکەوێت بەشێکی بەرچاو لە قوتابیانی ئەمریکا کە نەوەی دوارۆژ و هیوای داهاتووی خۆیانن، کەیفیان بە سیاسەت و شتی وا نایەت.

ئەوەی لای خۆمانیش راپرسیەکی لەبارەی ڕێژەی لایەنگرانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ئەنجام داوە کە هیچ دەرەتانێکی بۆمان نەهێشتۆتەوە و دەبێ هەموو لایەک بە گەدا و شا و هەژار و دەوڵەمەندەوە هەر لە شۆفێر تاکسیەوە بیگرە هەتا دەگاتە گەورەکچ و پیرەژنان هەموو لایەک دەبێ سیاسی بن و لەم راپرسییەدا بەشدار بن.

وەک کوردە عەربی‌نووسەکان دەفەرموون، ئەوانە زۆر «بەسیتە»، بەڵام کێشەی سەرەکیی مێشکی من ئەمەیە کە بۆچی ئەم مریشکە بێبەختانەی ئێمە بەپەلە لاسایی قەلی هەندەران دەکەنەوە و هەرچی قەلی هەندەران کردی ئەوانیش وک تووتی دەیلێنەوە.

ئاخر مریشکی ماڵوێران، بۆچی ئەوا بە پەلە لاسایی خەڵک دەکەیەوە؟ هەر نەبێت تۆزێک ڕەحم و بەزەییت بە مریشک بوونی خۆت دابێت.

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 626 19 feb 2014

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

بەر لە ماڵاوایی

# کەمپەینی پشتیوانی لەمافی منداڵانی شیناوێ

بە دەستپێشخەری «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد»، «کەمپەینی پشتیوانی لە مافی منداڵانی شیناوێ بەدروشمی» منداڵانی شیناوێ دەنگی ئازاری میللەتێکن» لە ڕۆژی٢٠١٤/٢/١٢ریزبەندی کار و چالاکییەکانی لە پرێس کۆنفرانسێکدا لەشاری هەولێر ڕاگەیەند.

لەڕۆژی١٥ی سەرماوەزی ١٣٩١ بەرامبەر بە ٥ی دێسامبری ٢٠١٢ لە گوندی شیناوێی ناوچەی پیرانشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی ناستاندارد بوونی سیستەمی گەرم کردنەوەی قوتابخانەی سەرەتایی کچان؛ یەکێک لە پۆلەکان ئاگردەگرێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە ٢ قوتابی بەناوەکانی : «سەیران یەگانەو ساریا ڕەسووڵزادە» گیانیان لەدەست بدەن و١٢کەس لەم قوتابیانە بە هۆی سوتان،١٠بۆ ٤٥لەسەدی لەشیان تووشی برینی زۆرقوڵ بوون کە سێ کەس لەم ١٢ قوتابییە پەنجەکانی دەستیان بەهۆی کاریگەری قووڵی سوتان بڕدراوەتەوە و لە ئێستا دا گیانی ئامینە ئیسماعیل پوورلە مەترسی دایە، شایانی باسە کە ١٧ قوتابی تر تووشی سووتانی سووکی کەمترلە١٠ ٪ بوون.
لە دەرئەنجامی کارەساتی قوتابخانەی شیناوێ داهاتووی قوربانیانی ئەم کارەساتە لە مەترسییەکی یەکجار جیدی دایە،بەتایبەت ئەو منداڵانەی کە ڕێژەی سوتانیان سەروو ١٠٪ە . ئەوان پێویستییان بە نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی پرۆفیشناڵدا هەیە. بە وتەی سەرچاوە نزیکەکان زیاتر لە ٥ ملیارد تمەنی ئێرانی تێچووی پرۆسەی چاک کردنەوە و عەمەلیاتی ئەم منداڵانەیە لە قۆناغی سەرەتایی دا.
لە لایەکی تر بە مەبەستی ئاوێتە کردنەوەی ئەم منداڵانە لەگەڵ کۆمەڵگە دەبێ بە زووترین کات حکوومەت دەروونناس بۆ بنەماڵە و منداڵەکان دابین بکات تا پرۆسەی ئاوێتە بوونەوەیان بە کۆمەڵگا ئاسانتر ببێت.
پاڵنەرەکانی ڕاگەیاندنی هەڵمەتی پشتیوانی لە مافی منداڵانی شیناوێ لە لایەن یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کوردەوە بریتیە لە:
یەکەم: بە سەرەنج دان بەوەی کە زۆربەی کارەساتی لەم چەشنە لە زێدی نەتەوە بن دەستەکانی ئێران ڕوو دەدات، دەرخەری پێشێل کرانی سیستماتیکی مافی منداڵانی نەتەوە بن دەستەکان لە ئێرانی ئەمرۆ دا، ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە پێی کۆنوانسیۆنەکانی مافی منداڵ و یاسا تایبەتمەندە نێوخۆییەکان دەبێ شوێنی ستاندارد بۆ خوێندن لە لایەن حکوومەتەوە بۆ منداڵان دابین بکرێت.
دووهەم: بەداخەوە بە دوای ڕوودانی ئەم کارەساتە لە قوتابخانەی شیناوێ و بەڵێنی بەرپرسانی حکوومەتی تا ئێستا هیچ بڕیارنامەیەکی تایبەت بۆ پاراستنی مافی ئەم منداڵانە لە لایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەرنەکراوە. کە ئەویش لە دووخاڵ دا کورت دەکرێتەوە کە حکوومەت بەرپرسە لە هەمبەر منداڵانی نابراوبراو کە دەشێت بە شێوەی خوارەوە ئاماژەی پێبکرێت:
ئا: چارەسەری بێبەرامبەر و وە ئەستۆ گرتنی سەرجەم تێچوونەکانی پرۆسەی چاک بوونەوەی ئەم منداڵانە لەلایەن حکوومەت، کە بە پێی زانیارییەکان تا هەنووکە کەمتر لە ٢٠٪ تێچووی چارەسەری ئەم منداڵانە نەخۆشخانە فێرکارییەکان وەستۆیان گرتووە نەک نەخۆشخانە تایبەتمەندەکان .
بێ دروست کردنی بەستێنی گونجاو بۆ ئاوێتە بوونەوەی قوربانیانی ئەم کارەساتە لەگەڵ کۆمەڵگا هەروەها گەرەنتی کردنی داهاتووی منداڵانی ناوبراو لە ڕێگەی پێدانی کۆمەڵێک تایبەتمەندی وەک دابین کردنی دەروونناس، بڕینەوەی مووچەی تایبەت، گەرەنتی وەرگرتن لە زانکۆ و هتد... کە بەداخەوە هەتا ئەم ڕێکەوتە بە پێی زانیارییەکانی کەمپین بە شێوازی ئاشکرا و فەرمی هیچ پلانێک لەلایەن کاربەدەستانی پەیوەندی دار لەمەڕ ئاوێتەکردنەوەی منداڵانی ناوبراو ڕانەگەیەندراوە.
لەم سۆنگەیەوە کەمپەینی بەرگری لە مافی منداڵانی شیناوێ هەوڵ دەدات کۆمەڵێک چالاکی کە لە پاشکۆی ئەم ڕاگەیەندراوەدا ئاماژەیان پێدراوە ئەنجام بدات بە مەبەستی:
١.وشیارکردنەوەی یاسایی بنەماڵەی قوربانیان بەمەبەستی ناساندنی یاسا و بڕیارنامەکانی تایبەت بە مافی منداڵانی قوربانی لە شوێنی خوێندن، تا بتوانن بە ڕێگە یاساییەکان بەدوایی کەیسی جگەرگۆشەکانیان بن.
٢. پشتگیری میدیایی بەمەبەستی پێڕاگەیشتنی هەرچی زووتری بەرپرسانی حکومەتی بەم کەیسە، و لەبەرچاوگرتنی مافی ئەو منداڵانە وجێبەجێ کردنی ئەرکە یاساییەکانیانی حکوومەت.
٣. گەیاندنی ئازاری ئەم منداڵانە بۆبەشێک لە ڕایی گشتی کوردستان و ڕێکخراوە مەدەنییە لۆکاڵی و نێونەتەوەییەکان، بەجەختکردنەوە لەسەر دیاردەی پێشێلکردنی مافی منداڵ وسەرنجدان بە ناستانداردبوونی بەشێکی بەرچاوی قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
٤. کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی؛ هەرچەند نموونەیی، بۆبنەماڵەی ئەم منداڵانە و بەشداری پێکردنی بەشێک لە ڕایی گشتی لە هاوکاری کردنی ئەم منداڵانە.

**کەمپەینی بەرگری**
**لە مافی منداڵانی شیناوێ**
**٢٠١٢/٠٢/١٢**

# بەڕێوەچوونی دیمانە شیێعری مامۆستا ئاسۆ لە شاری سەقز



لە شاری سەقزو لە کۆڕێکی گەرمو تایبەتدا دیمانە شیێعری سەعید نەجاری، (مامۆستا ئاسۆ) بەڕێوەچوو.
ڕۆژی سێشەممە، ٢٩ ڕێبەندان دیمانە شیێعری مامۆستا ئاسۆ بە هاوکاریی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەولەوی کوردی سەقزو بە بەشداری شاعیران و نووسەرانی شارەکانی سەقز، بۆکان،دیواندەرە، مەهاباد و بانە بەڕێوە چوو.
لەو دیمانەیە شیێعرییەدا مامۆستا ئاسۆ کۆمەڵێک لە شیێعرەکانی خۆی خوێندەوە کە لەلایەن بەشدارانەوە بە گەرمی پێشوازی لێ کرا. دواتر چەند خاوەن هەستێکی دیکەش شیێعرە بەرهەمەکانی خۆیان لەو بۆنەیەدا خوێندەوە.




# خوێندن بە زمانی دایک مافی ئێمەیە

